Kurdistan Chronicle


# گوڵکەند

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٢)

سێشەممە ٢٠٢٤/١٠/١٥

# هەفتەی تەواوبوونی بەنداوەکان



دیمەنێکی بەنداوی بەستۆڕە

وێنە: ئیسلام هیرۆ

## کۆنسوڵی گشتیی کۆماری چیك بۆ (گڵكەند) دەدوێت

# هەناری كوردستان دەنێردرێتە چیك




وێنە: سابر چالی

**گڵكەند**

گ هەولێر چەند ساڵێکە بووەتە ناوەندێکی گەورەی دیپلۆماسیی جیهانی و نوێنەرانی فەرمیی دەیان وڵاتی جیهان لە پایتەختدا نیشتەجێن، ڕەنگە کارڵ کۆرتانێک کە لە دیسەمبەری ٢٠٢١ەوە لە پۆستی کۆنسوڵی گشتیی کۆماری چیک لە هەرێمی کوردستان دەستبەکارە، یەکێک بێت لە کۆمەڵایەتیترین دیپلۆماتکاران و بە قووڵی تێکەڵی کۆمەڵگەی کوردستانی بووە. ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا بۆ (گڵکەند)، ئاماژە بە دۆخی هەولێر دەکات کە لە زۆر لایەنەوە لە شارەکانی پاریس و لەندەن و ستۆکهۆڵم ئارامترە، تەنها شتێکی سەختیش لە کوردستان ڕووبەڕووی بوو‌بێتەوە، پابەند نەبوونی خەڵکە بە کات.

کۆرتانێک بەر لەوەی بێتە هەولێر، تەنها زانیارییەکی گشتیی لەبارەی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەبووە، دەڵێ «بەڵام کە گەیشتمە ئێرە، زانیم دۆخەکە لەوە ئاڵۆزترە کە لە دوورەوە تێی گەیشتبووم»، ئەوەش ناشارێتەوە هاتنی بۆ ئێرە خۆشییەکی تایبەتیشی لەلای ئەو هەبووە، چونکە توانی لە نزیکەوە چاو لە دۆخەکە بکات و بە ڕوونی ببینێت لێرە چی دەگوزەرێت.

کۆنسوڵی گشتیی کۆماری چیک لەگەڵ ئەوەی نایەوێ ئەرکەکەی لە هەرێمی کوردستان بە ئاسان وەسف بکات، بەڵام یادگاریی زۆریشی لە ژیانی ئەو ماوەیەیدا تۆمار کردووە و دەڵێ گەشتی بۆ زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بە تایبەتییش بەناو سرووشتی هەڵەبجە و هەورامان و سلێمانی و دهۆکدا گەڕاوە، خەڵکی زۆری ناسیوە و تێکەڵی خەڵکی ئاسایی بووە، پێی وایە کورد میواندۆستترین نەتەوەی جیهانن.

هەروەها باس لە کۆمەڵگەی هەولێر دەکات کە پێکهاتەیەکی موزایکی دەگمەنی هەیە و مرۆڤ دەتوانێ خەڵکی هەموو جیهانی تێدا بدۆزێتەوە.

کۆنسوڵی گشتی پێیوایە کورد مێواندۆستترین نەتەوەی جیهانە و دەڵێ هەر بیانییەک دێتە کوردستان، یەکەم شت تێبینی دەکات میواندۆستی تاکی کوردە، «خەڵکی ئێرە ئامادەن دوای چەند چرکەیەک لە ناسینت، داوەتی ماڵی خۆیانت بکەن و نانت پێ بدەن.»

لەبارەی ئارامی هەولێرەوە دەڵێ لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا هیچ کاتێک هەستی نەکردووە هەڕەشە یان مەترسیی لەسەر ژیانی هەیە، یاخود شتێکی نائاسایی لە چواردەوریدا ڕوودەدات، «بەردەوام دەچمە چێشتخانەکان و بە شەقامەکاندا دەگەڕێم، وەک کەسێکی بیانی هیچ کات تووشی کێشە نەبوومەتەوە.»

### ناردنی هەنار بۆ چیك

کۆرتانێک زوو زوو لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە دەبیندرێ، لەمبارەوە دەڵێ ئەو پشتیوانێکی گەورەی هەڵەبجەیە و پێی وایە خاوەن خۆشترین هەناری جیهانن، هەروەها حەزی لە تەحینی ئامێدییە لەگەڵ ترێی دهۆک، لەبارەی شەرابیشەوە دەڵێ لە ڕواندز شەرابی نایاب دروست دەکرێت.

«من هەنگوینی کوردستان وەکو زێڕێکی شل دەبینم»، کۆنسوڵی گشتیی چیک گەواهی بۆ هەنگوینی کوردستان دەدات و دەڵێ هەنگوینی کوردستانی بە دیاری دابێت بە هەر کەسێک، تووشی شۆکی کردووە، چونکە هەنگوینی کوردستان بەرزترین کواڵێتی و خۆشترین تامی هەیە.

لەمبارەیەوە باس لە هەوڵی ناردنە دەرەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان دەکات و دەڵێ بە داخەوە بازاڕ لە ئەورووپا و لە چیک وەکو ئێرە نییە و ئاڵۆزترە، بەڵام دواجار کۆمپانیایەکی دۆزیوەتەوە کە کار لەسەر بازرگانیی میوە دەکات و ئێستا لە قۆناغی ئەزموونکردنی هەناری هەڵەبجە دان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێک بکەون و کۆمپانیاکە بێتە کوردستان بۆ ئەوەی هەنار ڕەوانەی چیک بکات.

### گەشتیاریی کشتوکاڵی

کۆنسوڵی چیک پێشنیاز دەکات لە هەرێمی کوردستاندا گرنگی بە کەرتی گەشتیاریی کشتوکاڵی بدرێت، دەڵێ لە چیک و فەرەنسا و ئیتاڵیاش ئەم جۆرە گەشتیارییە باوە، کە تیایدا گەشتیار بە کولتووری خۆت ئاشنا دەکەیت لە ڕێگەی ئاشناکردنیان بە کەرتی کشتوکاڵی لە شوێنە لۆکاڵییەکاندا، نموونە بە گرووپی گەشتیاری دەهێنێتەوە کە چەند لادێیەک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەسەر بکرێنەوە، گەشتیار لە بەروبوومی سرووشتی کێڵگەکان بخۆن و شوێنی بچوک بۆ حەوانەوەیان ئامادە کرابێت و ئاشنایان بکەن بە ژیانی ناوچە جیاوازەکان و دوورە شارەکان. لە نێوان ئاوایییەکاندا بە ڕێگەدا بڕۆن و ئێوارانیش ژەمە خواردنی کوردییان پێ بدرێت.

### شەڕی کات

کۆرتانێک لە وەڵامی ئەو پرسیارەی داخۆ چ شتێک زۆر ئاستەم بووە لە کوردستاندا لەگەڵی ڕابێت، بێ دوودڵی دەڵێ کات، «من لە هەرێمی کوردستاندا پێویستم بەوە بوو جارێکی تر بە بیرکردنەوەمدا بچمەوە لەبارەی کاتەوە»، دەشڵێ بۆ کەسێک کە بەر لەوەی بێتە ئێرە کاتەکانی خۆی بە جوانی ڕێک خستبێت، کاتێک دێتە ئێرە تووشی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە و تووشی شەڕ و ناکۆکیی بەردەوام دەبێ لەگەڵ دەوروبەرەکەی.


### شەڕی داعش و هاوکارییەکی چیك

لە شەڕی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشدا، چیک لە ڕێگەی ڕاهێنان بە ئەفسەرەکانی پێشمەرگە لە ساڵی ٢٠١٦دا لە بواری پوچەڵکردنەوەی مینی چێنراو، یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی دا، بەر لەوەش سەرکۆماری چیک ساڵی ٢٠١٥ پێشوازی لە سەرۆک مەسعود بارزانی کرد لە کۆشکی سەرۆکایەتیی کۆمار لە پراگ و لە کۆبوونەوەیەکدا ئامادەیی وڵاتەکەی نیشان دا بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگە لە هەموو ڕوویێکەوە.

کۆنسوڵی گشتیی چیک ئاماژە بەوەش دەدات هاوکارییەکی تری وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا، چارەسەرکردنی ئەو پێشمەرگانە بوو کە لە شەڕی داعشدا بریندار دەبوون.

### بەنداوەکانی کوردستان و ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی چیك

لەبارەی دروستکردنی چەندین بەنداو لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کۆرتانێک باس لە پیشەسازیی ئاو لە وڵاتەکەی دەکات و دەڵێ بەر لە ٦٠ ساڵ کۆمپانیای چیکی لە کوردستاندا کاریان لە بواری ئاو و بەنداودا کردووە، ئێستاش بۆ جارێکی تر لە هەوڵ دان کۆمپانیای چیکی لە بواری ئاودا بهێننەوە بۆ کوردستان، بەتایبەتییش بیرۆکەیەک هەیە بۆ ئەوەی لە بەهاری داهاتوودا شاندێکی تایبەتمەند لەم بوارە سەردانی هەولێر بکەن.



*شێرزاد هەینی*

## 300 لۆ هەولێر

لەبەر جوانی، بۆ یادگارییە شیرینەکان فۆتۆ و دیمەنەکانی پارک، باخچەکە؛ بووبوو بە پۆستکارت، جەژنانەی ڕەنگاورەنگی ناسک، شار بەشار، بە پۆست؛ هەواڵ و پیرۆزیایی تایبەتی دەگەیاندە خۆشەویستە دوورەکان.

ئەو گڵکەندەی سەردەمانێک کارگە، ناوچە پیشەسازیی بوو، ئاماژەیەکیش بوو بۆ شارستانی و ئاوەدانی، زۆر پێش شارەکانی تر کارگەی کەرپووچی تێدا بووە. لەناو قەیسەرەکانی هەولێر دوکانی بچووک، کارگەی دەستی، بەرهەمی خۆماڵیشی زۆر بوون، بەڵام کارگەی بەرهەمی کەرپووچ؛ مانا، ئامرازی لە شارەکاندا بەرچاو و زۆرن.

دوایی دەبێتە شوێنی نیشتەجێبوون، خانووی قوڕ و حەساری زۆر گەورەی تێدا دروست دەکەن، بەڵام دوور لە مەرجەکانی تەندروستی، شارستانی. زووتر کارگە، کوورەکان لەوێ گوازرابوونەوە شوێنی گەڕەکی ئێستای ‹‹کوران››، بۆیە شوێنەکە دەبێتە نیشتەجێبوون.

دروستکردنی ئەو پارکە، جێبەجێکردنیشی پشتیوانی گەورەی ویستووە، لەو دەمانە پرۆژەیەکی لەو جۆرە ئاسان نەبووە!

نەخشە و بەرنامەکانی پارکەکە لە سەرەتای ساڵانی شێستەکان ئاسان نەبووە، بۆیە وەزارەتی شارەوانیی عێراق، نەخشەکە دەداتە ئەندازیارێکی پۆڵۆنیی خۆیان، ئەو بە لێهاتوویی خۆی دیزاینەکەیان بۆ دابڕێژێت.

دەڵێن ویستوویانە ناوی گڵەکەند بکەنە، گوڵکەند! بەڵام خۆی گڵکەند بووە.

خەڵکەکە و ئاوەدانییەکەی ناوچەکە بە شێوەی قەرەبوو دەگوازنەوە ناوچەیەکی چۆڵی پشت شێست مەتری، لەسەر کەندەکە، دوورتر لە گەڕەکەکانی سەیداوە و سێتاقان پارچە زەوییان دەدەنێ، دوایی ناوی گەڕەکەکەش دەبێتە گڵکەند. هەر لەودەمانەوە، تا ساڵانی دوایی، پێش ڕاپەڕین بۆیان تاپۆ نەکردبوون!

پرۆژەکە گەورە بوو، شوێنەکە گونجاویش نەبوو، بۆیە پارە، دیزاین، ماندووبوون، ئەرک و چاوەڕوانی تەواوبوونی چەندان ساڵی ویستووە! بۆ ئەوەش بێجگە لە پارەی شارەوانی هەولێر و پشتیوانی موتەسەریفە بەغدایيە نازدارەکەی شار (مونعیم مەسرەف)، ڕێکخراوی خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبەر ئەوەی ڕۆژانەی کرێکارەکان زۆر کەم بووە، بە ئازوخە و خواردەمەنی هەمەجۆر یارمەتی کرێکارەکانی داوە! بەڵام کرێکارەکان گوتبوویان؛ حەرامە!

شارەوانیی پەنا دەبەنە بەر ڕەحمەتی قازی و کەسایەتی دیاری شارەکە (ڕەشاد موفتی)، ئەویش دەڵێ ئاسانە، نیوەڕۆ خۆم دێم لەبەرچاوی ئەوان گۆشت و شیرەکە دەخۆم! بەو جوامێرییەی قازی، ئیشەکە سەردەگرێ، کرێکارەکان متمانە بە خواردنەکە دەکەن، بەردەوام دەبن، گڵکەند دەکەن بە گوڵکەند. ڕێکخراوی بزنسمانی پترۆلی بەریتانی (گۆلبنکیان) پشتیوانی دارایی پرۆژەکانی شێستمەتری و گڵکەندی لە هەولێر کردووە.

# ئەمساڵ یەك دڵۆپ باران بەفیڕۆ ناچێت

**گڵکەند**

گ دوێنێ دووشەممە ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، بەنداوی بەستۆڕە لەلایەن مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە و بڕیارە سبەینێ چوارشەممە ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەنداوی گۆمەسپانیش بکرێتەوە.

لە درێژەی پرۆژەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا و وشکەساڵی، هەروەها بۆ زیادکردنی ئاوی ژێر زەوی، دوێنێ دووشەممە بەنداوی بەستۆڕە تەواو کرا و سبەی چوارشەممەش بەنداوی گۆمەسپان دەکرێتەوە، لە ڕێگەی ئەم پرۆژانەوە ئەمساڵ یەک دڵۆپ ئاوی باران لە سنوورەکەدا بەفیڕۆ ناچێ و لەگەڵ یەکەم باران بارینددا، ئاو گل دەدرێتەوە.

بەنداوی بەستۆرە بەرزییەکەی ٣٠ مەترە و پانییەکەی ١٨٠ مەترە، درێژییەکەی دەگاتە ٦٣٠ مەتر و دەتوانێت ٢٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاو لەخۆ بگرێت و ڕووبەری کۆکردنەوەی ئاوی باراناویشی دەگاتە ١٠٨ کیلۆمەتر چوارگۆشە، کاریگەریی لەسەر زیادبوونی ئاوی ژێرزەوی و بەراوکردنی هەندێک ناوچە دەبێت.

بەنداوەکە توانای گلدانەوەی ٢٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە، ناوچەکە دەبێتە گەشتیاری و کانیاوی گوندەکانی دەڤەرەکە دەژیێنەوە و دەشبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاودێری و سامانی ماسی، سەرباری نەهێشتن و کەمکردنەوەی مەترسی دروستبوونی لافاو.

هەروەها بەنداوی گۆمەسپان کە بڕیارە سبەی بکرێتەوە، بەرزییەکەی ٧٠ مەتر و درێژییەکەی ٥١٢ مەترە، دەتوانێ ١١٥ ملیۆن مەتر سێجا باراناو کۆ بکاتەوە، یەکەم جاریشە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، کۆنکرێتی جۆری ئارسیسی لە پرۆژەی دروستکردنی ئەو بەنداوەدا بەکار بهێندرێت.



دیمەنێکی بەنداوی گۆمەسپان

وێنە: عەبدوڵڵا گەردی

# لە گوندێکی کوردستان کارەبا کرا بە وزەی خۆر

محەمەد دەرگەڵەیی



هاوشێوەی باقی ناوچەکانی تری جیهان، هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەستەویەخە و لە ململانێدایە. بۆ ئەو مەبەستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژێکی گشتگیری دارشتووە و پابەندە بەو رێنماییانەی لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا سەبارەت بە کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا خراونەتە روو. یەکێک لە پرنسیپە سەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێم ئەوەیە ژینگە بە مەزنترین سەرمایەی خۆی دادەنێت و کابینەی نۆیەمی حکوومەتیش لە دەستبەکاربوونیەوە ئەم بنەمایەی پەسەند کردووە. ئەم پابەندبوونە هەرێمی کوردستانی خستۆتە سەر نەخشەی هەوڵەکانی بەگژاچوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، کە بەرەو ئەوە دەچین لە ساڵانی داهاتوودا بەردەوامی و بەرهەمهێنانی وزەی خاوێن ببنە کایە سەرەکییەکانی گەشەسەندن.

## بەرهەمهێنانی وزەی خاوێن و وەبەرهێنان

وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێم کەمال محەمەد ساڵح باسی لەو هەنگاوە گەورانە کرد کە حکوومەت بەئاراستەی بەرهەمهێنانی وزەی خاوێن یاخود نوێبووەوە لە هەرێمی کوردستان هاویشتوونی. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەلایەن وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمەوە خراونەتە روو، بەرهەمهێنانی وزەی نوێبووەوە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، واتە لە دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە، ٦, ٧٥٪ زیادی کردووە و لە ٦ ,٢٥ ەوە بۆ ٢٧, ٤٪ بەرز بووەتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا زۆربەی کارەبای هەرێم هێشتا ئەو وێستگانە بەرهەمی دێنن کە بە گاز کار دەکەن. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە حکوومەتی هەرێم پلانێکی بەرفراوانی داناوە، تا بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ داوودەزگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی خۆی نوێ بکاتەوە. بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەت، هەرێم بەرەو ئەوە دەچێت تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ پتر لە ٣١٪ی تۆڕی گشتیی خۆی بە وزەی نوێبووەوە پڕ بکاتەوە.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکوومەتی هەرێم محەمەد شوکری جەختی لەوە کرد لە هەرێمی کوردستان گرنگیدان بە وزەی خاوێن یان نوێبەند لە زیادبووندایە؛ بەشێوەیەک حکوومەت بەهاوکاریی لایەنە پەیوەندارەکان کار لەسەر بەهێزکردنی وەبەرهێنان لە بواری وزەی خۆر و وزەی ئاو (هایدرۆپاوەر) و گۆڕینی پاشماوەکان بۆ وزە دەکات، تا لەو بوارانەدا سوود لە تواناکانی هەرێم وەربگیرێت. تا ئێستا دەستەی وەبەرهێنان رەزامەندی لەسەر دوو پرۆژەی وزەی خۆر داوە و دوو پرۆژەیتریش لەژێر لێکۆڵینەوەدان. جگە لەوانە، پرۆپۆزەڵی چەند پرۆژەیەکیش خراونەتە بەردەم دەستی وەبەرهێنان و وەزارەتی کارەبا، ئەوەیش گرنگیدانی هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی بە وزەی خۆر دەردەخات.

شوکری ئاشکرای کرد لێژنەیەکی هاوبەش بەبەشداری دەستەی وەبەرهێنان، وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دەستەی پاراستن و پەرەپێدانی ژینگە پێکهێنراوە، بۆ ئەوەی ئاسانکاریی پێویست بکرێت تا پرۆژەکانی وزەی خاوێن بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدرێن. ئەو لێژنەیە چەند راسپاردەیەکی سەرەکی پێشکەش کردوە و بنەما و رێساگەلی پێویستی بۆ پرۆژەکانی وزەی خۆر داناوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەداواکارییەکانی بەکارهێنانی زەوییەوە هەیە.

هاوکات دەستەی وەبەرهێنان و حکوومەتی هەرێم بەهاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەی پارەدارکردنی نێودەوڵەتی پلان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی گەورەی وزەی خاوێن لە ساڵانی داهاتوودا و بەتایبەتیش کار لەسەر راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی دەکرێت.

## سەرکردایەتی و بەشداریکردنی نێودەوڵەتی

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان مەسروور بارزانی لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان کە لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٤) لە داڤۆس بەسترا پێداگری لەسەر پابەندیی هەرێم بە وزەی خاوێن و سەقامگیریی ژینگەیی کردەوە. لە میانەی کۆڕبەندەکەدا بەشداریی چەندین پانێڵ و گفتوگۆی لەگەڵ بەرپرسان و سەرکردە سیاسییەکان و خاوەنکاراندا کرد و تیشکی خستە سەر ئامانجە سەرەکییەکانی هەمەچەشنکردنی ئابووری و بەهێزکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و وەبەرهێنان لە کانزاکان و نەوت و غاز و وزەی خاوێن و بەگژاچوونەوەی کاریگەرییە خراپەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و وشکەساڵی.

## رۆڵی حکوومەت

سەرۆکی دەستەی پاراستن و پەرەپێدانی ژینگەی حکوومەتی هەرێم (عەبدولڕەحمان سدیق) باسی لە رۆڵی کاریگەری دەستەکە کرد لە برەودان بە پشتبەستن بە وزەی خاوێن. سدیق وتی هەرچەندە دەستەی پاراستنی ژینگە دەسەڵاتێکی جێبەجێکار نییە، بەڵام وەک دەزگایەکی چاودێری و هاوئاهەنگی کار دەکات؛ کاریگەریی ژینگەیی سەرجەم پرۆژەکان هەڵدەسەنگێنێت و لەگەڵ وەزارەت و ئاژانسە جێبەجێکارەکاندا هاوئاهەنگی دەکات.

سەر پرۆژەکانی وەبەرهێنانی سەوز و پەرەدان بە ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام، لەکاتێکدا وەزارەتی پلاندانان کار بۆ ئەوە دەکات راسپاردەکانی رێکەوتنامەی پاریس لەپلانە ساڵانەکانیدا جێ بکاتەوە. وەزارەتی سەرچاوە سرووشتییەکانیش وەبەرهێنان لە بواری سووتەمەنیی خاوێن و وزەی نوێبووەوەدا دەکات و نوێترین تەکنەلۆژیای سەوز لە بەرهەمهێنانی نەوتدا هاوردە دەکات. هەرچی وەزارەتی کارەبایە دەیەوێت بەرهەمی کارەبا لەڕێی سەرچاوەکانی وزەی خاوێنەوە زیاد بکات و یەکەکانی چارەسەرکردن بۆ وێستگەکانی وزە دابمەزرێنێت.

## کۆششە هەرەوەزییەکان

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بەرچاوی بەئاراستەی دانانی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهانیی هەوڵەکانی بەگژاچوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا هەڵگرتووە.

حکوومەت بەکردنەوەی نووسینگەی گۆڕانی کەشوهەوا لەناو دەستەی پاراستنی ژینگە و بەشداریکردنی لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە وزەی نوێبووەوەدا، خۆی بۆ ئایندەیەک ئامادە دەکات کە بەرهەمهێنانی و پارێزگاریکردن لە وزە دەگۆڕێت.



وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێم ئالان حەمەسەعید ئاماژەی بەوەدا لە دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە ٦٠ قوتابخانە لەڕێی وزەی خۆرەوە کارەبایان بۆ دابین کراوە، کە ٣٣ قوتابخانەیان رێکخراوی یونیسێف تێچوویانی دابین کردووە. هاوکات وەزارەتی پەروەردە لەسەر بودجەی حکوومەت سەرقاڵی پلاندانانە بۆ گۆڕینی ٧٢ قوتابخانەیتر بۆ وزەی خۆر. ساڵی ٢٠٢٤ بەپاڵپشتیی دارایی یونیسێف (٣٥) قوتابخانەی تر لەڕێی وزەی خۆرەوە کارەبایان بۆ دابین دەکرێت.

بەهەمان شێوە گوندی ئێنەمسیدی سەر بە پارێزگای هەولێر کە دەکەوێتە دەڤەری مێرگەسوور هەر هەمووی گۆڕاوە بۆ سیستەمی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە خۆر. عەبدوڵا ئەحمەد یەکێک لە دانیشتوانی ئەو گوندە پێزانینی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکوومەتەوە دەربڕی، کە کارەبای بەردەوام و بێ کێشەی بۆ گوندەکە دابین کردوە.

لای خۆیەوە کەرتی تایبەتیش یارمەتی بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی وزەی خاوێن دەدات. شوان ئیسماعیل بەڕێوەبەری کۆمپانیای Sunlid ی کەنەدی روونی کردەوە کۆمپانیاکەی سیستەمی بەرهەمهێنان لە وزەی خۆری بۆ رووناککردنەوەی شەقامەکانی هەولێر دامەزراندوە و کارەبای بۆ کامپەکانی پەنابەران دابین کردوە.

کۆمپانیای ناوبراو پلانی هەیە کار و چالاکیەکانی فراوان بکات، حکوومەتی هەرێمیش پاڵپشتی و ئاسانکاریی بەرچاو پێشکەش دەکات.

ستراتیژی حکوومەتی هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی وزەی خاوێن ستراتیژێکی گشتگیر و هەمەلایەنە، کە وەبەرهێنانی گەورە، هاریکاریی نێودەوڵەتی و هۆشیاری گشتی لەخۆ دەگرێت. لەئەنجامی کۆشش و هاوکاریی نێوان سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان، هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی لەباردایە کە بتوانێت ئامانجە ستراتیژییەکانی لە بواری وزەی خاوێن و سەقامگیریی ژینگەییدا بەدی بێنێت.

## وزەی نوێبووەوە چیە؟

وزەی نوێبووەوە renewable energy (پێیشی دەوترێ وزەی سەوز) ئەو وزەیەیە لەو سەرچاوە سرووشتییانەوە بەرهەم دێت کە بەبەردەوامی نوێ دەبنەوە و خاوێنن، دیارترینیان بریتین لە وزەی خۆر، وزەی با و وزەی ئاو (هایدرۆپاوەر)، هەندێ وزەی ئەتۆمیش بە وزەی نوێبووەوە دادەنێن، بەڵام ئەم بۆچوونە جێی مشتومڕە.

# پرۆژە فریادڕەسەکەی هەولێر

## ئاوی پێویست بۆ 1.5 ملیۆن کەس دابین دەکات

سەردار ستار

دوای ئەوەی بۆ ساڵانێکی درێژ چەند ناوچەیەکی شاری هەولێر بەدەست کەمئاوییەوە دەیناڵاند، ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی گەورەی ئاو لەلایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ئەیلوولی ڕابردوودا؛ ئومێدی بەخشییە دانیشتوانی هەولێری پایتەخت کە لەو کێشە گەورەیە ڕزگاریان بکات، هاوکات نیگەرانیی ژینگەدۆستانیش سەبارەت بە دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی برەوێنێتەوە.

لە ٨ی ئەیلوولدا مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پرۆژەیەکی گەورەی فریاگوزاریی دابینکردنی ئاوی بۆ شاری هەولێر بە گوژمەی (٤٨٠) ملیۆن دۆلار دانا. وەک سەرۆکوەزیران لە ڕێوڕەسمەکەدا ڕای گەیاند؛ ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە کێشەی کەمئاوی لە هەولێر بۆ لانی کەم (٣٠) ساڵی داهاتوو چارەسەر بکات.

ئێستا سێ وێستگەی پاڵاوتنی ئاو کە بریتیین لە (ئیفراز ١، ئیفراز ٢ و ئیفراز ٣) ئاوی خواردنەوە بۆ نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی هەولێر دابین دەکەن. کێشە تەکنیکییەکان، لەوانە دروستبوونی لافاو و شکانی بۆڕییەکانی ئاو بە شێوەیەکی بەردەوام و زۆر جار بۆ ماوەیەکی زۆر بوونەتە هۆی پچڕانی ئاو، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا.

دانانی پلانی دروستکردنی ئەم پرۆژەیەش، وەک حکوومەتی هەرێم دەڵێ پاش ئەوە بووە کە کۆمپانیایەکی بیانی سەرکەوتوو نەبووە لە دروستکردنی پرۆژەی ئیفراز چوار و زیادکردنی قەبارەی ئاوی دابینکراو.

### ئاوی پێویست بۆ 1.5 ملیۆن کەس

ئەم پرۆژە فریاگوزارییە خێرایە، ئاو لە ڕووباری زێی گەورەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو لە دەوروبەری هەولێر دەگوێزێتەوە؛ لەوێ (٤٨٠) هەزار مەتر سێجا ئاو دەپاڵێورێت و دەکرێتە ناو تۆڕەکانی ئاوی ناو شاری هەولێر، کە دەوترێت ئەم بڕە ئاوە خاوێنە پێداویستیی یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس، واتە ڕێژەی ٦٠٪ی دانیشتوانی هەولێری پایتەخت دابین دەکات، ئەو ٤٠٪ـەیش دەمێنێتەوە وێستگەکانی پێشتر دابینی دەکەن.

ئەم پرۆژە نوێیە توانای ئەمبارکردنی (٣٠٠) هەزار مەتر سێجا ئاوی هەیە و لەڕێی چوار بۆریی جیاوازەوە ئاو دەگەیەنێتە لانی کەم ٢٠ ناوچەی قەرەباڵغی هەولێر.

سەرۆکوەزیران لە میانی ڕاگەیاندنی پرۆژەکەدا گوتی "بەکەوتنەکاری ئەم پرۆژەیە سەدان بیری ئاو دادەخرێن، بەوە ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەرز دەبێتەوە"، گوتیشی "بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە و ئاوی ژێر زەوییش، داوام کردووە دەستبەجێ لە هەولێر کار بۆ ریسایکلینی ئاوی بەکارهاتوو بکرێت و ئەو ئاوە بۆ ئاودانی باخچە و سەوزاییەکانی شارەکە سوودی لێ وەربگیرێت".

### ڕێکخستنەوەی ئاو

سەرۆکوەزیران تیشکی خستە سەر ستراتیژی کابینەی نۆیەمی حکوومەت بۆ ڕێکخستنەوەی ئاو، کە لە چەند ساڵی کەمی ڕابردوودا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی، کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە دروست بووە، چەندین بەنداو و ئەمباری ئاوی دروست کردووە.

بڕیارە پرۆژەی فریاگوزاریی ئاوی هەولێر، کە لەلایەن کۆمپانیای (هێمن گرووپ)ەوە جێبەجێ دەکرێت، لە ماوەی چواردە مانگدا بە تەواوی توانای خۆی کار بکات.

بەگوتەی بەڵێندەرەکە (٥٠٠٠) کەس بەبەردەوامی کار لە پرۆژەکەدا دەکەن، تا لەو وادەیەدا بۆی دیاری کراوە تەواو بکرێت و دوانەکەوێت.

بەگوێرەی هەندێ توێژینەوەی نێودەوڵەتی، عێراق، بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بە پێنجەم وڵات دادەنرێت کە زۆرترین کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوای لەسەرە. لای خۆیەوە حکوومەتی هەرێم، لە کاتێکدا لەگەڵ چەندین کێشەدا دەستەویەخەیە، پابەندبوونی خۆی بەگرتنەبەری ڕێکاری دەستبەجێ و ستراتیژی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا ڕاگەیاندووە، لەوانە: دروستکردنی چەندین بەنداو و دەیان ئەمباری نوێی ئاو، ئەنجامدانی هەڵمەتی نەمام چاندن، کۆنترۆڵکردنی سووتانی گاز و برەودان بە پرۆگرامی پێشکەوتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پاشماوەکان.

لە کاتێکدا دۆخەکە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق تا دێت خراپتر دەبێت، هەرێمی کوردستان مەترسی ئەوەی لەسەرە بەهۆی ئەم گۆڕانی کەشوهەواوە، شەپۆلێکی نوێی کۆچکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بۆ بێت.



# ڕەشاد موفتی و خۆپیشاندانی 1962ی کچانی هەولێر



گڵکەند

سالّی ١٩٦٢ کە بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر بوو، کۆمەڵێک کچە قوتابی و مامۆستای قوتابخانەی دواناوەندیی هەولێری کچان، دژی بارودۆخی ئەوسا خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا.

خۆپیشاندانەکە لە سەروبەندی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول بوو. کڵپەیەک بوو بۆ شکاندنی بێدەنگی و ترس لە ناو کۆمەڵگەی کوردی، داواکاریی ئەو کچانەی دواناوەندیی هەولێری کچان کە دەکەوتە خوار قەڵاتی هەولێر بە دیوی تەیراوە، بریتی بوو لە دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان.

دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق لە هەولێر، بە ناردنی هێزێکی سەربازیی زۆر هەوڵی دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکەی دا، ژمارەیەک کچە قوتابی و مامۆستای دەستگیر کرد.

دەستگیرکردنی ئەو کچە قوتابی و مامۆستایانە بووە هۆی ناڕەزایی زیاتری خەڵکی هەولێر، چونکە بە لای هەولێرییەکانەوە، زیندانیکردنی کچان و ژنان ڕەفتارێکی زۆر ناشیرین بوو.

کەنعان موفتی، کوڕی ڕەشاد موفتیی زانای ئایینیی ئیسلامیی گەورەی کوردستان، ڕووداوەکە ئەوها دەگێڕێتەوە:

لەو کاتەدا ڕەشاد موفتی کە هاوکات قازیی هەولێریش بوو، بە خێرایی و بە جلی مەلایەتییەوە دەچێتە لای بەدرەدین عەلیی موتەسەڕیف، کە لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆی لە یانەی ئەفسەران دانیشتبوو، بەدرەدین عەلی کە ڕەشاد موفتی بینیوە، بەخێرایی لە شوێنی خۆی هەڵساوەتەوە و چووەتە لای و لێی پرسیوە: جەنابی قازی چی تۆی هێناوەتە ئەم شوێنە؟ تۆ و ئێرەیان نەگوتووە.

لە وەڵامدا، ڕەشاد موفتی بە موتەسەڕیفی گوتووە تۆ و دەستگیرکردنی کچان و ژنانیان نەگوتووە، خۆت چاک دەزانی ژن لاس ئێمە و لای ئێوەش ڕێزی زۆرە، سوێند بە خودا لێرە ناڕۆم تا بڕیاری ئازادکردنی هەموو کچ و ژنە دەستگیرکراوەکان دەرنەکەی.

بەهۆی پێداگریی ڕەشاد موفتییەوە، موتەسەڕیف دەمودەست بڕیاری ئازادکردنی هەموو کچ و ژنە دەستگیرکراوەکانی داوە.

# کۆشکە ناودارەکەی مەلائەفەندی هەولێرێ



گڵکەند

جاران کۆشکی باداوە براگەورەی خانەوادە مەلائەفەندی تێدا دەژیا، لە کات و سەردەمی خۆیدا جوانترین تەلار و کۆشک بووە نەک تەنیا لە هەولێر، بەڵکو لە هەموو کوردستان و عێراقیشدا، بۆیە بەشێکە لە مێژوو و سەروەرییەکانی هەولێر و خەڵکەکەی.

کۆشکی باداوە لە دوو نهۆم پێک هاتبوو، زیاتر لە ٢٥ ژوور لە نهۆمی سەرەوە بۆ ژیانی ئەندامانی خانەوادەی مەلافەندی هەبوون و لە نهۆمی خوارەوەشدا، کە بۆ میوانان تەرخان کرابوو، دوو سالۆن، ژوورێکی پشوودان، ناندینێک، ژوورێکی خزمەتگوزاری و ژوورێکی تایبەت بۆ پاسەوانە هەمیشەییەکان، هەبوو.

کۆشکەکە کەوتبووە دووریی یەک کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای باداوەی بەرەوە. نەخشەی کۆشکەکە زۆر ناوازە بوو و ژوورەکانی بە چەندین نەخش و نیگاری ڕەنگاوڕەنگ رازێندرابوونەوە و پەنجەرەکانیشی لە دار دروست کرابوون.

باخچەیەکی گەورە و فراوان لەناو کۆشکەکە هەبوو، لە ناوەڕاستی باخچەکەدا نافوورەیەکی جوان هەبوو کە ئاوی لە ساردواوەکەی نێوان هەردوو گەڕەکی باداوە بۆ دەچوو.

وەک باس دەکرێ، ئەندازیار و بنیاتنەری کۆشکی باداوە وەستایەک بووە بە ناوی ئیسماعیل سنەیی، کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی کۆشکەکەی دروست کردووە.


زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، هەر ئەو وەستا ئیسماعیل سنەییە کاری ئەندازەیی و دروستکردنی دەرگا گەورەکانی قەڵاتی هەولێری لە سالّی ١٨٦٠، لە ئەستۆ گرتووە، لەنێو خانووەکانی قەڵاتدا ماڵی شێخ جەمیل ئەفەندی هەیە کە ئێستا بووەتە خانووێکی شوێنەواریی جوانی قەڵات.

چەندین سەرکردەی کورد و عێراقی و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەو کۆشکە گەورەیەی باداوە میوان بوون، وەک مەلا مستەفا بارزانی کە لە سالّی ١٩٤٤ سەردانی کۆشکەکەی کردووە و میوانە عێراقی و عەرەبییەکانیش وەک جەمال پاشا سەفاح، عەونوڵڵا ئەلکازمی، سلێمان نەزیف، شا فەیسەڵی یەکەم، نووری سەعید پاشا، یاسین ئەلهاشمی و جەعفەر ئەلعەسکەری.

وەک سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن، دوای گرژییەکانی سەردەمی دروستبوونی بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا لە سالّی ١٩٤١، تەواوی ئەندامانی خانەوادەی شا فەیسەڵ ڕوویان لە کۆشکی باداوە کرد و تا بەرقەراربوونەوەی ئاسایش لە بەغدا، وەک میوانێکی ئازیز لەو کۆشکەدا ماونەتەوە.

گوندی باداوە کە دەکەوتە دووریی نزیکەی پێنج کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی هەولێر، لە دوو گەڕەک پێک هاتبوو، باداوەی سەرەوە (٣٥ ماڵ) و باداوەی بەرەوە (٧٠ ماڵ) بوون، لە نێوان هەردوو گەڕەکیشدا، ساردواوێک هەبوو.

مەلافەندی (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی)، لە سالّی ١٨٦٣ لە قەڵاتی هەولێر لەدایک بووە لە سالّی ١٩٤٢ کۆچی دوایی کردووە. هەموو وانەکانی شەرعی خوێندووە و زانایەکی ئایینیی ئیسلامیی گەورە و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی ناوداری سەردەمی خۆی بووە.



وێنە: ئەرشیفی نەبیل خدر

## بازاڕەکە لە نوێژی بەیانییەوە تا چێشتانێ کراوە بوو

# جامبازەکان چییان بەسەر هات؟

**نازم دڵبەند**

گ سوارچاکی و سیمای ئەسپی رەسەن و هێستری بەوەج، لە کۆنەوە بەدەو بوون، زۆر جار پێشکەشکردنی ئەسپێکی رەسەن بە دیاری بووەتە هۆکاری کپبوونی ئاگری شەڕی گەورە و بەرپابوونی ئاشتەوایی.

لە سەردەمی گەنجییدا، ئەم جۆرە ئەسپانەم لە هەولێر دیتوون، ئەوکات زیاتر ئاغا و بەگەکان هەیانبوو. قەت لەبیر ناکەم، ئەو ئێوارانەی مام فەرهاد ئەبوشوارب لە غاباتی کورانەوە بە سواری ئەسپێکی زینکراو لەگەڵ چەند تاژییەک بۆ راوکردن رووی لە ئاقاری توورەق دەکرد، یان نووری مەحمودی نائیب زابت کە بە ئەسپ و تاژییەکانییەوە بەرەو زوورگەکانی گوندی ساتۆری خدراغا بۆ راوکردنی کەروێشک و مامز، دەکشا.

ئەودەم خدر پاشا، عەلی مەحمود کاکەخان و سابیراغای قوشتەپە لە کەسە دیارەکانی دەشتی هەولێرێ بوون، کە بە خاوەنداریی ئەسپی رەسەن دەناسرانەوە و هاتوچۆشیان بۆ گوندەکان هەر بە ئەسپ بوو.

جگە لە ئاغا و بەگەکان، منداڵ و هەرزەکاری بنەماڵە هەژارەکان رۆژانی جەژن بەختی ئەوەیان دەبوو لە بن لەیلووکان لە شوێنی ئێستای بازاڕی داون تاون، بە بڕێک پارە، بۆ ماوەیەکی کورت سواری ئەسپ یان هێستر بن.

لە بەختی من، لە قوتابخانەی ئازادی دوو قوتابی بە ناوەکانی سمکۆ و کوردۆ بوونە هاوڕێم، باب و کەسوکاری ئەو دووانە، بازرگانیی ئەسپ و هێستریان دەکرد، لە شار و ناوچەکانی دیکەوە دەیانهێنانە هەولێرێ، لە ڕێی ئەو دوو هاوڕێیەمەوە شتێک لەبارەی بازرگانیی ئەسپ و هێستر و وردەکارییەکانی فێر بووم.

چەند ساڵێک دواتر، بازاڕی ئەسپ و هێستر کەوتە پشت مزگەوتی شێخەڵڵا، لەو بازاڕە، چەندین پیاو بە جلی کوردی و هەوری و جەمەدانییەوە مامەڵەیان بە ئەسپ و هێسترەکان دەکرد. ئەو کەسانە پێیان دەگوترا جامباز و لە نێوان خۆیاندا زیاتر بە زمانی تورکمانی قسەیان دەکرد.

وشەی جامباز بۆ من نامۆ نەبوو، پێشتر لەو کاتانەی قسە یان کارێکی لە تەمەنی خۆمان گەورەترمان بکردبا، دایکمان بە نیمچە سەرسوڕمانێکەوە دەیگوت "ئای چەند جامبازی".



جەمال جامباز لەدایکبووی ١٩٥٠یە و جامبازی لە باب و باپیریەوە فێر بووە، لە منداڵییەوە چووەتە بازاڕی وڵاخان، کە سەرەتا لە پشت مزگەوتی شێخەڵڵا بوو، بەگوتەی ئەو، کاری جامبازی بەر لە ١٢٠ ساڵ گەیشتووەتە هەولێرێ و جامبازە هەرە ناسراوەکان بریتی بوون لە شێخان جامباز، حاجی عوسمان جامباز، عەباس کەتۆ، مام جەمیل، مام مەقسود، فەتاح پیرداود، مام شاکر، رۆستەم قەرۆک و یاسین کەبابچی.

ئەو جامبازانە، کە هەموویان خەڵکی هەولێر بوون و دانیشتووی تەعجیل، تەیراوە و ناو قەڵات بوون، ئەسپ و هێسترەکانیان لە مووسڵ، فەللوجە، حیللە و بەغداوە دەهێنایە هەولێرێ، جگە لە هێنانیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە رێگای قاچاغ، بازاڕەکەشیان دوای نوێژی بەیانی دەستی پێ دەکرد و تا چێشتانێ (سەرلەبەیانی) بەردەوام دەبوو.

ئەو ئەسپ و هێسترانەی ئەو رۆژە نەدەفرۆشران، دەبرانە خانی مام ونس لە پشت بانکی نیشتیمانیی ئێستا، کە لە بەرانبەر بڕێک پارە، ئەو وڵاخانەی تا رۆژی دواتر تێدا دەحەوێندرانەوە و خزمەت دەکران.

کڕیاری وڵاخە ئاساییەکانی ئەو جامبازانە، خەڵکی گوندەکان بوون، کە بۆ کاری جووتیاری و هاتوچۆ بەکاریان دەهێنان. بەڵام کڕیاری ئەسپە باش و رەسەنەکان، ئاغا و بەگەکان بوون. جەمال جامباز ئاماژەی بەوەش کرد، کە ئاغا و بەگەکان بەردەوام جامبازەکانیان ئاگادار دەکردەوە ئەگەر ئەسپێکی رەسەنیان بۆ هات، ئەوا ئاگاداریان بکەنەوە، نرخی ئەسپێکی رەسەنیش ئەوکات دەگەیشتە ١٠٠ دینار.

ئەو جامبازانە کە هەموویان سوارچاک بوون و خزموکەسی یەکتریش بوون، دوای تەواوبوونی کارەکەیان لە سەرلەبەیانیدا، دەچوونە خواردنگەکەی سلێمان قاوەچی و تەشریبیان دەخوارد و رۆژانەش لە چایخانەی مام حەمید (لە شوێنی ئێستای بازاڕی سیروان)، دادەنیشتن.

جەمال جامباز یادگارییەکی جامبازەکانی گێڕایەوە، کە رۆژانی جەژن لە بن لەیلوکان پێشبڕکێیان دەکرد، تا گوندی کونەگورگ و دارەتوو دەچوون و دەگەڕانەوە، هەر سوارچاکێک یەکەم بووایە، دەبوایە کاوڕێک بکڕێ و هەموو ئامادەبووان داوەت بکات.

دەشڵێ سوارچاکەکانی ئەوکاتی جامبازەکان بریتی بوون لە جەمال جامباز، عەبدولڕەزاق، سەدیق بەگ، حوسێن راوچی و ئەنوەر خدر. بەتایبەتیش یادگارییەکی خۆی و ئەنوەر خدر دەگێڕێتەوە، کە پێشبڕکێیان کردووە و جەمال جامباز یەکەم بوو. دواتر جەمال بە ئەنوەری گوتووە دەی کاوڕەکە بکڕە، ئەویش گوتوویەتی بیدۆڕێنم و کاوڕیش بکڕم؟ کەی شتی وا لە تەئریخ بووە؟!

ئێستا بەهۆی زیادبوونی ئۆتۆمبێل و فراوانبوونی شارەکان، بازاڕی جامبازان نەماوە و بەپێی زانیارییەکان، لە هەولێر تەنیا دوو کەس عەبدوڵڵا خەسرۆ و جەلال حەمەدێ کاری جامبازی دەکەن.

هونەر ئەسکەندەر عوسمان، کە باب و باپیری جامباز و سوارچاک بوون، بۆ (گلکەند) قسەی کرد و ئاماژەی بەوە دا، شوێنی راگرتنی ئەسپ و هێسترەکانی جامبازان حەساری عوسمان خانچی بوو، گوندنشینەکانیش ئەگەر ئەو رۆژە وڵاخەکانیان نەفرۆشرابا، دەیانبردە خانی مام ونس، کە هەردووکیان لە پشت بانکی نیشتمان و مۆزەخانەی پەروەردەی ئێستا بوون. گوندنشینەکانیش خۆیان دەچوونە ئوتێل کە لە شوێنی ئێستای بازاڕی سیروان بوو و تەنیا چەند قەرەوێڵەیەکی ئاسن و شەربەی ئاوی هەبوو.

بۆ هێنانی ئەسپی رەسەن، مام عوسمان و مام شێخان جامباز، کە پسپۆڕ بوون لە ناسینەوەی ئەسپ و هێستری باش، بەردەوام لە گەشتی ئێران بوون، ئێرانییەکانیش دەهاتنە بازاڕی وڵاخان لە هەولێر، کە بازاڕێکی بە هەرمێن بوو، چونکە گوندنشینەکان بەردەوام کاریان بە هێستر و ئەسپ بوو.

ئەگەرچی کاری جامبازی نەما، بەڵام مێژووی جامبازەکان کە سەردەمێک گەورە بازرگانی هەولێر بوون، بەشێکە لە یادەوەرییەکانی هەولێر.



گوڵبێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

# سڵاو لە وەفا
# سڵاو لە مەترەق

مەحموود زامداری نەمر شەڕی ئەدەبی و هونەریی زۆری دەکرد، شەڕەکان سەلامەت بوون، چونکە درۆن و رۆکێتیان تێدا بەکار نەدەهات و زامداریش بوغز و رقی هەڵنەدەگرت، هەر ئەو دەمە بوو.

لە یەکێک لەو شەوانەی زامدار ناوی نابوون شەوی (موناقەشەی گەورە)، لەگەڵ رەحمەتی فیکرەتی پارێزەر تێکگیران، فیکرەت بە توورەیی مێزەکەی بەجێهێشت. زامدار عادەتێکی هەبوو، ئەو شەوەی شتێک بقەومایە، بۆ بەیانی بەسەر خۆی نەدەهێنا، دەیپرسی (ئەرێ دوێنێ شەو چ بوو بوو؟).

فیکرەت ماوەیەکی زۆر دیار نەما، کەسمان لەو باوەڕەدا نەبووین ئەو دڵگیرییە زۆر بخایەنێت، ئێستاش کەس نەیزانی لەسەر چ بوو. خواوڕاستان لەو ماوەیەدا رەوانشاد بورهانی موهەندیس ژنی مارە کرد، خوسرەو جاف بەم بۆنەیەوە بڕیاری دا هەمووومان داوەت بکات، هەلێکی باشیش بوو تا بتوانین زامدار و فیکرەت ئاشت بکەینەوە.

شەوێک پێش داوەتەکە، خەبەر بۆ زامدار دەبەن کەوا فیکرەت بەخۆی و بە مەترەقێکەوە بەدوایدا دەگەڕێت، نیوەڕۆ چوومە لای خوسرەو جاف و پێمگوت (تا زووە فریا بکەوە، وا کار گەیشتە مەترەق)، پێکەنی و گوتی (تۆ بڵێی فیکرەت بتوانێت مەترەق رابووەشێنێت؟).

شەوی داوەتەکە، فیکرەت لەلای چەپ و زامداریش لەلای راستی خوسرەو جاف دانیشتن، هەریەکەو چاوەڕوانی ئاشتبوونەوەکەی دەکرد، لەپڕ زامدار باوەشی بە فیکرەتدا کرد و تا هێزی تێدابوو هاواری کرد:

سڵاو لە وەفا
سڵاو لە مەترەق

ئیتر بووە چەپڵەڕێزان و ئاهەنگەکە دەستی پێکرد، ئەوە دنیایە، فیکرەت و زامدار وا لە بن خۆڵن و ئێمەش وا درێژە بەو مەهزەلەیە دەدەین کە ناومان ناوە ژیان، یادیان بەخێر.

# لە نزیک هەولێر گوندێکی تەم

## ”چینایەتی و سرووتی ئایینیان هەبووە و ماستیشیان هێوێن کردووە“

قاسم خدر



پرۆفیسۆر جیل جێرمی ستەین

گ لە دەشتاییە خۆرەتاوەکانی کوردستان و لە دووریی نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتری باشووری شاری هەولێر، گوندێکی دێرین دۆزرایەوە بەناوی (سورێژە)، کە لە یەکەم نیگادا وەک هەر شوێنێکی تری ئەو دەشتاییە دەردەکەوێ، بەڵام بەگوێرەی کنەکردنەکانی تیمێکی شوێنەوارناسیی ئەمەریکی؛ ئەو گوندە مێژووەکەی بۆ (٦٥٠٠) ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە و هەڵگری نهێنیی ژیانێکی زێدە دێرین و لەبیرکراوە، وێنایەکی دەگمەنمان سەبارەت بە یەکێک لە کۆنترین شارستانێتییەکانی مرۆڤایەتی دەداتێ.

پرۆفیسۆر جیل جێرمی ستەین مامۆستای شوێنەوارناسی لە زانکۆی شیکاغۆ و تیمەکەی ساڵی ٢٠١٣ دەستیان بە کنەکردن لەو شوێنە کرد، کە شوێنێکە پێچەوانەی زۆر شوێنی تری کنەکاریە، چونکە ڕێک لەژێر ڕووی زەوی دایە، لە کاتێکدا زۆربەی نشینگە دێرینەکان لە چینە قووڵەکانی زەوی داپۆشراون.

ستەین کە هاوکات بەڕێوەبەری سەنتەری شیکاغۆیە بۆ پاراستنی کەلەپووری کولتووری لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند) دەڵێ ئەوان لێرە زۆر بەبەختن؛ ئەو قۆناغە بەراییانەی جێبایەخی ئەوانن، تەنها چەند سەنتیمەترێک لەژێر زەوی دان، بەوەش دەتوانن بە وردەکارییەکی زۆرەوە لێیان بکۆڵنەوە.

ئەم دۆخە بێوێنەیە دەرفەتی داوەتە تیمەکە تا لە دەورانێکی مێژوو بکۆڵێتەوە کە بە دەورانی (Ubaid period) ناسراوە و قۆناغێکی پێش مێژووی ناوچەی میزۆپۆتامیایە، ئەو کاتەی گوندە کشتوکاڵییەکانی وەک «سورێژە» تازە بەتازە کەوتبوونە گەشەکردن بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزتر.

ئەوەی (سورێژە)ی کردووە بە شتێکی تایبەت ئەوەیە گوندەکە دەوروبەری ساڵی ٣٤٠٠ پ. ز چۆڵ کراوە و زۆر لە مێژووەکەی بەبێ دەستلێدان بەجێ هێڵراوە.

ستەین دەڵێ ئەوە دەرفەتێکی دەگمەنە بتوانیت ئاوڕ لە ژیانی ڕابردوو بدەیتەوە بەبێ ئەرکی دژواری کنەکردن لە چینە قووڵەکاندا، کە لە پارچەکانی تری میزۆپۆتامیادا باوە. ئەمە یارمەتیی تیمەکەی داوە زانیاریی بەنرخ سەبارەت بەوەی خەڵکی «سورێژە» چۆن ژیاون و کار و کارلێکیان لەگەڵ دنیای دەوروبەریاندا کردووە، کۆ بکەنەوە.

یەکێک لە دۆزینەوە سەرەکییەکان لە (سورێژە) ئەوەیە ئەو گوندە چۆن چۆنی بە ناوەندە شارنشینە گەورەترەکانی وەک ئەربێلاوە-کە ئێستا بە هەولێر (ئەربیل) ناسراوە- بەستراوەتەوە، لەبارێکدا ئەربێلا تەنانەت پێش ٦٥٠٠ ساڵیش شارێکی گەشەسەندوو بووە و ”سورێژە“یش ئەگەرچی گچکەتر بووە، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگی لە پاڵپشتیکردنی ئەربێلادا دیوە.


بە بڕوای پرۆفیسۆر ستەین، سورێژە بەشێک بووە لە سیستمێکی گوندنشینی و لەژێر دەسەڵاتی ئەربێلادا بووە. پێدەچێت شاری ئەربێلا ساڵی ٤٥٠٠ پ. ز شارێکی گەورە بووبێت، لە کاتێکدا (سورێژە) کە دانیشتوانەکەی (١٠٠٠) یان (٢٠٠٠) کەس بووە بە دابینکردنی خواردن پاڵپشتی ئەو شارە گەورەیەی کردووە.

دەوروبەری هەولێر هەمیشە خاکێکی دەوڵەمەند و بەپیت و بۆ کشتوکاڵ نایاب بووە، ئەوەیش وای کردووە ببێتە ناوچەیەکی سەرەکیی کشتوکاڵی.

خەڵکی ”سورێژە“ هەندێ دانەوێڵە و ڕووەکی وەک گەنم و جۆ و هەنجیریان چاندووە، کە ئەو بەرهەمانە تا ئەمڕۆیش لە ناوچەکە دەچێنرێن.

هەروەها مەڕ و بزنیان بەخێو کردووە و لەو ڕێیەوە خوری و شیر و گۆشتیان دابین کردووە، ستەین دەڵێ ”خواردنیان زۆر لەو خواردنانە چووە کە ئەمڕۆ خەڵک دەیانخۆن، جۆیان دەچاند و خواردنەوەیان لێ دروست دەکرد و ڕەنگە تەنانەت ماستیشیان هێوێن کردبێت. لە ڕاستیدا، ئێمە پاڵێوێکی سیرامیکمان دۆزییەوە کە بۆ هەوێنکردنی شیر و دروستکردنی ماست بەکار هاتووە، ئەوەیش دۆزینەوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە“.

بەڵام گوندی (سورێژە) هەر گوندێکی کشتوکاڵی نەبووە





وێنەکان: سەڤین حەمید

# ـەن 6500 ساڵ دەدۆزرێتەوە

## ”ژمارەی دانیشتوانی 2000 کەس بووە و خواردنیان بۆ ئەربێلا دابین کردووە“







بەتەنها؛ بەڵکو بەشێک بووە لە تۆڕێکی فراوانتری بازرگانی، کە بە سنوورگەلێکی زۆر دوورتر لە ناوچەکەوە دەیبەستەوە. تیمەکە هەندێ گلێنە (فەخفووری) و شووشەی گڕکانییان دۆزییەوە کە ئاماژەیە بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ هەندێ شوێنی دوورەدەستی وەک ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی تورکیا. بۆ نموونە ئەو شووشە گڕکانییەی لە ”سورێژە“ دۆزرایەوە لە شوێنە گڕکانییەکانی دەوروبەری گۆمی وان لە تورکیاوە هاتووە. بەبڕوای ستەین ”ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ماددەکان لە شوێنێکی دوورەوە بازرگانییان پێوە کراوە“.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین لایەنەکانی (سورێژە) ئاشکراکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەیە.

ئەو گوندە ئەگەرچی بچووک بووە؛ بەڵام کۆمەڵگەیەکی یەکسان نەبووە. تیمەکە چەند مۆرێکی بەئاڵۆزی هەڵکۆڵراوی دۆزییەوە کە بۆ دەستنیشانکردنی خاوەندارێتی و بەدواداچوونی کاڵاکان بەکار هاتوون.

هەندێ لەو مۆرانە نەخشی وردی هەندێ ئاژەڵی وەک مامزیان تێدا کراوە کە بەبڕوای ستەین هێما بوون بۆ سامان و پلەوپایە، ستەین ڕوونی دەکاتەوە «ئەو دەستەبژێرانە دەستیان بەسەر سەرچاوە خۆماڵییەکاندا گرتووە و بەشێک بوون لە تۆڕێکی گەورەتری بازرگانی». هەروەها دەڵێ ”ئێمە دەتوانین هەست بە بوونی چینایەتی لە نێوان خەڵکانی دەسەڵاتدار و ئاساییدا بکەین“. ئەو نایەکسانییە ڕوو لە زیادە نیشانەی سەردەمەکان بوو.

خەڵکە زەنگینەکانی کۆمەڵگە دەیانتوانی پێگە و هەژموونی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بگوێزنەوە و دەستەبژێرێکی بنەماڵەیی یاخود میراتی گەڵاڵە بکەن، بەوەیش-بەگوتەی ستەین- «کۆمەڵگە بەرەو دروستبوونی چینەکان هەنگاوی دەنا»، بەشێوەیەک «ئێمە سەرەتاکانی ئەو دیاردەیە دەبینین کە پاشتر دەبێتە کۆمەڵگە ڕێکخراو و شارستانییەکانی میزۆپۆتامیا».

ئاینیش ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ڕۆژانەی ”سورێژە“دا دەبینی. تیمەکە شوێنێکیان لە گوندەکەدا دۆزییەوە کە لەو باوەڕەدان مەزار یان پەرستگەیەک بووبێت، لەگەڵ سەربڕگەیەک کە لە خشتی قور و گەچ دروست کراوە. لە نزیکی ئەو شوێنە بەڵگەیان لەسەر بوونی ئەو شتانەی (وەک خێر و قوربانی) پێشکەش دەکرێن دۆزییەوە، یەکێک لەوانە کاسەیەکی بەردینی درێژە.

ستەین دەڵێ ”ئێمە پێمان وایە ئەم ژوورە بۆ ئەنجامدانی سرووتەکان بەکار هاتووە، بەڵام هیچ تۆمارێکی نووسراوی ئەو کاتە بەردەست نییە، هەر بۆیە تەنها دەتوانین مەزەندە بکەین کە چ جۆرە سرووتێکیان ئەنجام داوە“.

یەکێک لە سەیرترین دۆزینەوەکان نەریتی ناشتنی منداڵی کۆرپە بووە لەناو ماڵدا. ستەین دەڵێ ”ماڵێکمان دۆزییەوە تێیدا منداڵی ساوا لەناو گۆزەدا نێژرابوون و لە نزیک بەر دەرگا دانرابوون، کە بیرکردنەوە لەوە شتێکی دڵتەزێنە، بەڵام پیشانی دەدات چۆن خێزانەکان منداڵە مردووەکانیان دەپاراست، تەنانەت پاش مردنیش“. هەرچی کەسە گەورەکانیان بوون بەشێوەیەکی ئاسایی لە گۆرستانە کۆمەڵایەتییەکان دەنێژران و نەریتی جیاوازیان بۆ گەنج و پیر هەبووە.

دۆزینەوەکانی ستەین هاوکات تیشک دەخەنە سەر گرنگیی گەورەی هەولێر لەو دەورانەدا. دەڵێ ”گرنگیی هەولێر بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لە ئیمپراتۆرییەتی ئەکەدی و ئاشوورییەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی فارسی، هەولێر هەمیشە ناوەندی هێز و دەسەڵات و بازرگانی بووە“. لە کاتێکدا تیمەکەی ستەین لە کارکردن بەردەوامن، هیواخوازن تەنانەت زیاتریش لەبارەی ئەوەوە بزانن کە چۆن چۆنی گوندێکی بچووک بووەتە وێنەیەکی بەرفراوانتر بۆ سەرەتا شارستانێتی میزۆپۆتامیا.

خەڵکی ”سورێژە“ لە ڕێی کشتوکاڵ و بازرگانی و سرووتە ئاینی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانییانەوە، یارمەتیدەر بوون لە داڕشتنی وێنەی قۆناغە بەراییەکانی شارستانێتی مرۆڤایەتی لە یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی جیهان لە مێژوودا.

پرۆفیسۆر سەتین دەڵێ ”خەڵکی (سورێژە) ڕەنگە لە گوندێکی گچکەدا ژیابن، بەڵام بەشێک بوون لە جیهانێکی گەورەتر و پێکەوەبەستراو، جیهانێک لە ڕاستیدا نیشانە بەراییەکانی ئەو کۆمەڵگە شارستانییانە پیشان دەدات کە پاشتر لە میزۆپۆتامیا باڵادەست دەبن“.

# پێش 122 ساڵ
# یەکەم پزیشکی مەدەنی لە هەولێر کێ بوو؟

ئەحمەد مەعاز - ئیستەنبۆڵ

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەک کە دەست (گڵکەند) کەوتوون، یەکەم پزیشکی مەدەنی لە مێژوودا کە لە هەولێر دەستبەکار بووبێت، پزیشکێک بووە لە سەردەمی عوسمانیدا لە ساڵی ١٩٠٢ گەیشتووەتە هەولێر، بەر لەویش لە ١٨٩٠/٧/١٣دا دکتۆر بینباشی عەبدوڕەحمان ئەفەندی یەکەمین پزیشکی سەربازی بووە کە بەڕەسمی لەلایەن سوپاوە رەوانەی هەولێر بکرێ بۆ چارەسەری تووشبووان بە پەتای کۆلێرا.

رەنگە مێژووی پیشەی پزیشکی و تیمارکردنی نەخۆش هێندەی مێژووی مرۆڤ لەسەر زەوی کۆن بێت، هەر کاتێک مرۆڤ نەخۆش کەوتبێ، هەوڵی داوە بەپێی ئەو ئاستە ئەزموون و زانیارییەی هەیبووە و بەو کەرەستانەی لەبەردەستی بوون دەرمانێک بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی بدۆزێتەوە؛ ئەو کەسانەش خوویان داوەتە ئەو کارە وەک پزیشک یان چارەسازی میللی ناسراون، لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەوانە دەگوترێ (ژیرەک)، کە هەندێ جار لەپاڵ تیمارکردن بە داو دەرمان پەنا بۆ چارەسەری رۆحیش براوە، وەک نزا و نوشتە و سەردانی مەزاری پیاوچاکان و قوربانیکردن. لە شاری هەولێریش مێژوویەکی دووروودرێژ هەر لەڕێی ئەم جۆرە ژیرەکە خۆماڵیانە و چارەسەری کوردەوارییەوە چارەسەری نەخۆشی کراوە و بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی؛ یەکەمین پزیشکی رەسمی و مەدەنی (ناسەربازی) کە هەڵگری بڕوانامەی پزیشکی بێت ساڵی ١٩٠٢ رەوانەی هەولێر کراوە، بە ناوی دکتۆر نەجمەدین ئەیوب.

لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەرەتا نەخۆشخانە و خزمەتگوزاریی پزیشکی تەنها لە شارە گەورەکان و زیاتر لە خزمەتی کۆشک و خەڵکێکی تایبەتدا بوو و نەدەگەیشتە شوێنە دوورە دەستەکان کە هەولێر یەکێک بوو لەو شوێنانە، پزیشکەکانیش زیاتر پزیشکی سەربازی بوون کە لەناو سوپادا بوون و نەخۆشخانەکانیش زیاتر نەخۆشخانەی سەربازی بوون، چارەسەرکردنی خەڵکیش لە ناوچە دوورەدەستەکان هەر لەڕێی نەخۆشخانە سەربازییەکانەوە بوو، بەتایبەت لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکانی وەک کۆلێرا.

بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییە درمەکان لە ناوچەکانی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، هەروەها ئەو پێشکەوتنە زانستییەی زۆر بواری گرتەوە لەوانە بواری تەندروستی؛ هەستیان کرد پێویستە ژیانی تەندروستی باشتر رێک بخرێت و پزیشکانی مەدەنی دابمەزرێن کە پێی دەوترا (پزیشکی شارەوانی یاخود بەلەدی) و سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بوو و بڕیار درا هەر شارەوانییەک پزیشکێکی تێدا دابمەزرێ بەتایبەت پاش کردنەوەی قوتابخانەکانی پزیشکیی عوسمانی لەسەر شێوازی نوێ، چ سەربازی (ساڵی ١٨٢٧) و چ مەدەنی (ساڵی ١٨٦٧).

هەولێریش سەرەتا پزیشکی سەربازی بۆ دانرا، کۆنترین بەڵگەنامەی عوسمانی باس لە بەشداریی پزیشکێک لە چارەسەری نەخۆشان لە هەولێر بکات، بەڵگەنامەیەکە بەهێمای (00020-00044-Y-MTV) لە ١٨٩٠/٧/١٣، کە پزیشکێکی سەربازی بووە بەناوی (بینباشی عبدالرحمان ئەفەندی)، پێدەچێت یەکێک بووبێ لەو ئەفسەرە پزیشکانەی لە یەکە سەربازییەکانی نزیک هەولێردا بووە و یەکەمین پزیشک بووە بەڕەسمی لەلایەن سوپاوە رەوانەی هەولێر بکرێ بۆ چارەسەری تووشبووان بە کۆلێرا کە ئەوکاتە لە ناوچەکەدا بڵاو بووبوویەوە و دەبوو راپۆرت لەبارەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە و ئاماری تووشبووان و مردووان و چاکبووان بەرز بکاتەوە.

## گواستنەوە بۆ پزیشکی مەدەنی

چەند ساڵێک پاشتر راپۆرتێکی تر کە بەهێمای (0007-DH-MKT-00285) لە ١٣١٢/٣/١٨ک بەرانبەر ١٨٩٤/٩/١٩ دەرچووە، باسی دامەزراندنی (بەهائەدین عارف ئەفەندی) دەکات بە پزیشک لە شارەوانی مووسڵ دەپرسێت بۆچی پزیشک بۆ هەریەک لە هەولێر و کەرکووکیش رەوانە ناکرێت کە لەبەر نەبوونی پزیشکانی خاوەن بڕوانامەی پزیشکی هێشتا پزیشک و نەشتەرگەرانی سەربازی ئەو کارە دەکەن.

ناردنی پزیشک بەڕەسمی بۆ هەولێر دوواکەوت تا چەند هەفتەیەک پێش سەرەتای سەدەی بیستەم، لەو رووەوە بەڵگەنامەیەک بەهێمای (00087-02269-DH-MKT) کە لە ١٨٩٩/١١/١٣ دەرچووە باس لە تیروپشک دەکات بۆ دامەزراندنی ئەو پزیشکانەی لە قوتابخانەی پزیشکیی عوسمانی دەرچوون و دکتۆر (ئیسحاق هاروون) بەر هەولێر کەوت. بەڵام ئەم پزیشکە حەزی لەوە نەبووە بچێتە ئەو ناوچە دوورەدەستە گوایە نەخۆشە و ناتوانێ لە ناوچە گوندنشینەکان بژی، بەڵام پشکنینی بۆ کرا و دەرکەوت لەو رووەوەوە هیچ کێشەی نییە، لەبەرئەوە پێویستە بنە و بارگە تێکنێ و بچێت بۆ هەولێر، ئەو شوێنەی ناوی بە تیروپشک دەرچووە. بەڵام ئەو کابرایە سوور بوو لەسەر بڕیاری نەچوونەکەی و سزای سەرپێچیکردنی یاساکانی دا کە بڕەکەی (١٥٠) لیرەی عوسمانی بوو ، کە بۆ ئەوکاتە پارەیەکی زۆر بوو.

## دامەزراندنی یەکەمین پزیشکی مەدەنی لە هەولێر


ئەم جارەیان بڕیارەکە زۆر دوانەکەوت و بە تیروپشکێک کە گۆڕینی هەڵنەدەگرت ناوی پزیشکێک بەناوی (نەجمەدین ئەیوب) لە ١٩٠٢/٣/١٥ بۆ هەولێر دەرچوو، بڕیار درا خەرجی گەشتکردنی لە ئەزمیرەوە بۆ هەولێر دابین بکرێ بەمەبەستی دەستبەکاربوون لە کارەکەیدا. بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی ترکە بەهێمای (00033-DH-MKT-00441) لە ١٩٠١/١١/٢٣ دەرچووە بڕیاری دامەزراندنەکە بە تیروپشک چەند مانگێک پێشتر بووە و وادیارە ئەویش دڵگەرم نەبووە بێت بۆ هەولێر و داوای کردووە بەهۆی لاوازیی جەستەیەوە بگوێزرێتەوە بۆ کلس، بەڵام داواکەی رەت کراوەتەوە.

ئەگەرچی بەڵگەنامەیەکمان دەست نەکەوت مێژووی گەیشتن و دەستبەکاربوونی دکتۆر ئەیوبمان بۆ روون بکاتەوە، بەڵام پێدەچێت لە کارەکەی هەولێریدا زۆر ماندوو بووبێت و بەو هۆیەوە لە ١٩٠٢/٨/٣١ پلەکەی بەرز کراوەتەوە.

بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە دکتۆر نەجمەدین ئەیوب یەکەمین پزیشک بووە هەڵگری بڕوانامەی پزیشکی بێت و لە هەولێر و لەژێر چاودێریی شارەوانیی هەولێردا دەستی بەکار کردبێت. بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی دوو ساڵ دواتر هەولێر هیچ پزیشکێکی مەدەنی تێدا نەبووە و لە هەموو لیوای کەرکووکدا تەنها پزیشکەکەی هەولێر هەبووە، کە پێدەچێت شوێنی کارەکەی بۆ سەنتەری لیوای کەرکووک گواستبێتەوە، جا لەبەر زۆریی دانیشتوانی هەولێر و کۆنترۆڵکردنی ئەو پەتایەی لە ئێرانەوە رووی تێکردبوو داوا کراوە پزیشکێکی تایبەت رەوانەی هەولێر بکرێت. وا دیارە بەخێرایی داواکە جێبەجێ کراوە، بەپێی بەڵگەنامەیەک بەهێمای (00060-DH-MKT-00933) لە ١٩٠٥/٢/٢٢ پزیشکێک بەناوی (میهران کیفورک) تایبەت کراوە بە شارەوانیی هەولێر و بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە ئەو پزیشکە دووەم پزیشک بووە دابمەزرێت و رەوانە بکرێت بۆ هەولێر.

بەڵام بەوردی نازانین ئاخۆ دکتۆر میهران بەکردەوە گەیشتۆتە هەولێر و ئەگەر گەیشتووە چەند ماوەتەوە، بەڵام بەڵگەنامەیەکی چەند ساڵ پاشترمان هەیە بە هێمای (2-00038-DH-MUI-00004) لە ١٩٠٩/٣/١٤ دەریدەخات پزیشکێکی تر بۆ هەولێر دامەزرێنراوە بەناوی (حەسەن ئەفەندی)، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووبێت نەگەیشتووەتە شوێنی کارەکەی و پزیشکێک بەوەکالەت دامەزرێنراوە بەناوی (فەتحوڵا میخا ساعاتی) خەڵکی مووسڵ، بەڵام رێگەی پێ نەدراوە لە کارەکەی بەردەوام بێت بەبیانووی ئەوەی دەرچووی قوتابخانەی پزیشکیی بەیرووتە و ئەوەیش پێچەوانەی رێنماییەکانی دامەزراندنی پزیشکانی رەسمی بووە کە مەرج بووە پزیشک دەرچووی قوتابخانەی پزیشکیی ئیستانبوڵ بێت. بەڵام بەگوێرەی هەندێ بەڵگەنامەی مێژووی پێشتر و پاشتر کە پەیوەندییان بە پزیشکییەوە نییە بەڵکو زیاتر ناوی لە تۆماری مووچە و بودجەی شارەوانیدا براوە و باسکردنی ئیمزاکردنی پزیشکەکە لەسەر راپۆرتێکی پزیشکی، پزیشکێک -کە ناوی نەبراوە- لە هەولێر هەبووە، بەڵام ئەگەری زاڵ ئەوەیە ئەو پزیشکانە لە دەرچووانی هەڵگری بڕوانامەی پزیشکی نەبووبن بەڵکو زیاتر پزیشکانی کلاسیک و شارەزای پزیشکیی میللی بوون. بەڵگەنامەکان باس لە بوونی مامانێکی بەڕەسمی دامەزراو لە شارەوانیی هەولێر و پشکنەرێکی تەندروستی لە زۆر ماوەدا دەکەن.







# فیزی نوێ بە ئۆتۆمبێلی کۆن




وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

**دوین ئاریان**

ئێوارەی هەینییە، بە ڕیشێکی سپی و ڕانک و چۆغەیەکی نوێوە ئۆتۆمبێلە مارسیدسە کۆنەکەی لێدەخوڕێت، بە تاسەوە دەڵێ کاتێ ئەوە لێدەخوڕم، وا دەزانم گەڕاومەتەوە تەمەنی لاوی.

مام توفیق، تەمەنی ٦٠ ساڵە و تازە ئۆتۆمبێلێکی مارسیدسی مۆدیل ١٩٦٧ی کڕیوە، ئێوارانی هەینی پیاسەی شەقامەکانی ناو هەولێری پێ دەکات.

نزیکەی ١٠ ساڵە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی کلاسیک بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە، کڕیارانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر دەبن، بەم هۆیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی هاوردەکردنی ئەم ئۆتۆمبێلانە دەرکردووە.

توانا ڕواندزی کە پارێزەرێکی گەنجە، کۆمەڵە فایلێکی بەدەستەوەیە و لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی گومرگ لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی مامەڵەی ئۆتۆمبێلە کلاسیکەکان رایی دەکات، پێی وایە «داروبەرد ڕوویان لە کڕینی ئۆتۆمبێلی کلاسیک کردووە»، بە تایبەت لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا سەدان مامەڵەی ئۆتۆمبێلی کلاسیکی بەڕێ کردووە.

توانا تەلەفۆنێکی بۆ دێت و وەڵامی کابرایەک دەداتەوە «وا خەریکە مامەڵەکانت تەواو دەکەم»، ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ ئەوە خواپێداوێکی هەولێر بوو، مامەڵەی ئۆتۆمبێلێکی لای ئەوە و دەیەوێ زوو بۆی تەواو بکات، چونکە ئاهەنگی هاوسەرگیرییان هەیە و دەیانەوێ بەو ئۆتۆمبێلە بووکەکەیان بگوازنەوە.

لەبەردەم خانووێکی گەڕەکی ڕاپەرینی شاری هەولێر، چەند ئۆتۆمبێلێکی کلاسیک ڕاگیراون، خاوەنی ئەم ئۆتۆمبێلانە کوڕێکی گەنجە بە ناوی محەمەد بەیات، زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان لە جۆری مارسیدسن و مودێلیان لە نێوان ١٩٦٦ و ١٩٧٨ە.

محەمەد خەریکە قسە لەبارەی ئۆتۆمبێلە کلاسیکەکانی دەکات، گەنجێک بەوێدا تێدەپەڕێ و داوای رووخسەتی لێ دەکات تا وێنەیەک لەگەڵ یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکان بگرێت، ئەویش بە زەردەخەنەوە دەڵێ منیش هەر ئەوەم دەوێ، وێنە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانم بگرن.

بە قسەی ئەو گەنجەی هەولێر، بە گشتی ئەوانەی ئۆتۆمبێلی کلاسیک دەکڕن، ئەوانەن کە حەزێکی تایبەتیان بۆ ئەم ئۆتۆمبێلە کۆنانە هەیە، هەندێکیش بۆ جوانکاری و راگرتن دەیانکڕن، کەسانێکیش بۆ مامەڵەکردن و قازانج.

هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی کلاسیک کێشە و سەرئێشەشی هەیە، سەرهەنگ ئەحمەد پێشانگای ئۆتۆمبێلی هەیە و ئۆتۆمبێلێکی کلاسیکی بۆ راکێشانی کڕیار نمایش کردووە، باسی لەوە کرد کە بەهۆی ئەم ئۆتۆمبێلەوە، دەیان کڕیاری ئۆتۆمبێلی ئاسایی دەچنە ناو پێشانگەکەی، بەم شێوەیە نمایشکردنی ئۆتۆمبێلی کلاسیک بووەتە ڕێگەیەک بۆ سەرنجڕاکیشانی کڕیاران.

سەرهەنگ بەدەم تەماشاکردنی ئۆتۆمبێلە کلاسیکەکەیەوە دەڵێ راستە شتێکی دەگمەن و جوانە، بەڵام ئامۆژگاری کەس ناکەم بیکڕێت، چونکە کێشەیان زۆرە و هەندێک لەو ئۆتۆمبێلانە کۆمپانیای دروستکەریان نەماوە و کەلوپەلیان دەست ناکەوێ، هەندێک جاریش بەهۆی کۆنیی ئۆتۆمبێلەکانەوە، ژمارەی لاشەکانیان کاڵ بووەتەوە، بۆیە لە دەروازە سنوورییەکان تووشی کێشە دەبن و دەگەڕێندرێنەوە.

خەڵکانێک هەن بۆ پیشاندانی دەوڵەمەندی، ڕوو لە کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلە کلاسیکانە دەکەن، دارا موشیر توێژەرێکی ئابوورییە پێی وایە دەوڵەمەند بۆ پیشاندانی سەروەت و سامانی خۆی، زۆر ڕێگە بەکار دێنێت، یەکێک لەو ڕێگانە کڕینی ئۆتۆمبێلی کلاسیکە. دەشڵێ بە گشتی خەڵکی ئاسایی کەمتر توانای کڕینی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەیان هەیە، چونکە ئەو ئۆتۆمبێلانە لە وڵاتی سەرچاوەوە نرخیان گرانە، پارەی گومرگ و گواستنەوەیشیان دێتە سەر، دوو هێندەی تر گران دەبن.

ئەو توێژەرە هۆکارێکی دیکەی کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلانە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ڕەنگە خەڵکانێک لە تەمەنی گەنجیدا ئارەزوویان کڕینی ئۆتۆمبێل بووە، بەڵام نەیانتوانیوە بیکڕن، ئەو ئارەزووەش لەگەڵ تەمەنیان گەشەی کردووە و بووەتە مەراقێک لە دڵیان، بۆیە کاتێک دەبنە پارەدار، بەدوای ئەو ئۆتۆمبێلانەدا دەچنەوە کە سەردەمێک حەزیان کردووە بیکڕن و نەیانتوانیوە.

بەپێی ڕێنماییەکانی حکوومەت، بۆ هاوردەکردنی هەر ئۆتۆمبێلێکی کلاسیک، سەرەتا ڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆی دەوێ و کۆمەڵێک مەرجیشی هەیە، لەوانە، تەمەنی ئۆتۆمبێلەکە ٤٠ ساڵ زیاتر بێت و ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت و بەڵگەنامەی ڕەسەنی ئەو وڵاتەی هەبێت کە لێی هاوردە کراوە و بەڵێنامەیەکیش لە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە وەردەگیرێت، کە مافی هیچ کەسی بەسەرەوە نییە.

---

بتشکێن



**گۆران سەباح**

## بتەکانی سینەمای کوردی

ئەو دەرهێنەر و ئەکتەرانەی ئێستە پۆز لێ دەدەن و بینەری بەستەزمان بوونەتە جەماوەریان، کاتی خۆی سەریان دەکرد بە هەزار کوندا، هەتا ڕۆڵێکیان بدرێتێ، یان حیزب و سەرمایەدارێک پارەیان بداتێ بۆ بەرهەمێک.

چەرخەکە گۆڕا، ئەوانە بوونێ، ناسران، لە چەندان بەرهەمدا دەرکەوتن، پیاو ڕاستی بڵێ، هەندێکیان کاری باشیشیان کرد، لەوانە شوان عەتوف و نزار سەلامی.

بەستر پێرار، لە بەرنامەی (کورد ئەکتەر) دا، دەیان گەنج لە سەرانسەری کوردستان هەوڵیان دا یەکەم بن. دوای پێشبڕکێیەکی قورس، کارمەند خدر یەکەم بوو.

دادوەرانی بەرنامە، شوان و پێشڕەو و تەلار، زۆریان بەسەردا گوت، جەماوەریش (کارمەند)یان بە دڵ بوو، گەنجێکی قۆز، لێهاتوو. دوای بەرنامەکە، کوشتیان. لە هیچ دراما و فیلم و شانۆیەکدا ڕۆڵیان نەدایێ، جگە لە دوو مەشهەدی کورتی فیلمی ئاڵوودە، بریا ئەویشیان نەدابایێ.

نزار سەلامی کارامەیە، بەس خۆ هەر ئەو نییە، دەیانی دیکە هەن. کە لە فیلمی (کفن) دا بەشدار بوون، بە یەکجاری گوویان لە بابەتەکە کرد.

دەبا لەباتی ئەو، گەنجێکی تر با.

ئەوە کارۆخ ئیبراهیمیش لە هەولێرێ هەمان تاس و حەمامە. پێمگوت، "کارۆخ، ڕۆڵ بدە بە کارمەند، لێهاتووە." نەیدایێ، تومەز نازانێت یەکێک لە ئیشەکانی دەرهێنەر ئەوەیە دەموچاوی نوێ ببینێتەوە. دەڵێ، "ئەمن دەرهێنەرم، بە کەیفی خۆمە کێ دەکەمە پاڵەوان". دیارە نازانێت، دەرهێنەر بە کەیفی خۆی نییە، بە برادەرایەتییش نییە، بە ڕۆڵ و سیفەتی کارەکتەرەکەیە، بە تێکست و چیرۆکەکەیە.

دەرهێنەرەکان خۆیان لێ بوویتە جیمس کامیرۆن، ڕابردووی خۆیان لە بیر چووە. جارێ شوان عەتوف، کە قسە دەکات، لە پازدە وشە حەفتیان ئینگلیزییە، ئەویش بە سەقەتی، وا دەزانن تا هەتایە دەبێ هەر خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا بن. لە کاتێکدا دەبا دەستیان هەبا لە پێگەیاندنی چەندان گەنجی تر.

## لە فلسەوە بۆ دۆلار

# ”ناوبانگی فیتەرەکانی بن قەڵات، هەولێری تێپەڕاندبوو“

**هەژار مەجید**

وەستا محەمەدی فیتەر بەشی هەرە زۆری تەمەنی لەگەڵ دەنگی چەکووشی ناو دوکانەکانی ناوچە پیشەسازییەکانی هەولێر بەسەر بردووە، هەر لە بن قەڵاتەوە بگرە تا دەگەیە ناوچە پیشەسازییەکانی دەرەوەی شار، ئەو پیاوە ئێستاش لە تەمەنی ٧١ساڵیدا وەکو جاران بە هەستێکی پڕ خۆشەویستییەوە باس لە پیشەکەی دەکات.

وەستا محەمەد ئیبراهیم هەنارەیی، پیاوێکی سەر ماش و برنجی باڵا مامناوەندییە، بەدەم چاککردنەوەی ئەو ئۆتۆمبێلەی کاری لەسەر دەکرد باسی سەرەتای کارکردنی خۆی بۆ «گڵکەند» دەگێڕێتەوە و ئاماژە بە حەز و خولیای منداڵی بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل دەکات، دەڵێ لە زووەوە ئارەزووی کردووە ببێتە خاوەن شوێنی خۆی لەناو بازاڕی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلدا.

چیرۆکی پیشەکەی وەستا محەمەد لە ساڵی ١٩٦٣وە دەست پێ دەکات، کاتێک باوکی بردوویەتی بۆ لای وەستا عومەر کە دوکانێکی لە نزیک مزگەوتی شێخ مستەفا لە بن قەڵاتی هەولێر هەبووە و لەوێ وەکو شاگرد دەستی بە کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل کردووە.



وەستا محەمەد

ئەو پیاوە کە دەیان کەس لەسەر دەستی بوون بە وەستای دیاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، دەڵێ هێشتا خولیای جارانی بۆ پیشەکەی ماوە.

هەروەها باسی ناوچەکانی پیشەسازی لە هەولێر دەکات کە یەکێکیان لە نزیک قەڵاتی هەولێر بووە لە دەوروبەری مزگەوتی شێخ مستەفا، یەکێکیش دیکەش لە بازاڕی ئێستای شێخەڵڵا بووە، ڕۆژانەی ئەو کاتی وەستا محەمەد ٣٠ فلس بووە، جیا لەوەش ئەو شوفێرانەی دەهاتن ئۆتۆمبێلەکانیان چاک دەکردەوە، شاگردانەیان پێ دەدا، بەڵام وەک خۆی دەڵێ «ئێستا مامەڵەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل بووە بە دۆلارە».

ئاماژە بەوەش دەکات کە کارەکانی ئەوان زیاتر چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی گەورە بووە، دەڵێ «ئەو وەختی کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل وەکو ئێستا زۆر نەبوو، بۆیە کاری ئێمە زیاتر چاککردنەوە بوو نەک گۆڕینی پارچەی کۆنی ئۆتۆمبێل بە پارچەی نوێ«.

وەستا محەمەد لە درێژەی باسکردنی پیشەکەیدا، باس لەوە دەکات کە دوای چەند ساڵێک بازاڕەکەی بن قەڵاتی بەجێهێشتووە و ڕووی لە بازاڕی شێخەڵڵا کردووە، لەوێش جارێکی تر بە شاگردی دەستی پێ کردووەتەوە و ڕۆژانەکەی زیاد کراوە و بووە بە پێنج درهەمی ڕۆژانە.

وەستا محەمەد ئێستا لە کردنەوەی پێشەوە و دواوەی ئۆتۆمبێل شارەزایی زۆری هەیە و یەکێکە لە وەستا دیارەکانی هەولێر، تەنانەت خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی هەولێریش بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل سەردانی دەکەن.

ئەو دوای ئەوەی ئەزموونێکی باشی پەیدا کردووە لە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، بڕیاری داوە دوکانی خۆی بکاتەوە، ساڵی ١٩٧٢ لە نزیک مزگەوتی شێخ مستەفا دوکانێکی بە کرێ گرتووە و مانگانە سێ دیناری داوە، بەم شێوەیە بووەتە خاوەن دوکانی خۆی، داهاتی ڕۆژانەی لە نێوان دوو دینار بۆ دوو دینار و نیو بووە».


بەگوتەی ئەو وەستایە، پێشتر ئۆتۆمبێلەکانی جۆری جێب و فۆرد و دۆج و مارسیدس و چەند جۆرێکی تر چاک دەکردەوە، بەڵام ئێستا مۆدێلی جیاواز و نوێ پەیدا بوون.

هەروەها باسی دروستکردنی ناوچەی پیشەسازیی ئێستای سەر ڕێگای پیرمام دەکات کە ئێستا شوێنی کاری لەوێندەرە و گوتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ حکوومەتی خۆجێی هەولێر بە هۆی فراوانبوونی شار، بڕیاری گواستنەوەی ناوچەی پیشەسازی دا لە گۆڕەپانی مزگەوتی شێخ مستەفا و بازاڕی شێخەڵڵا بۆ سەر ڕێگای پیرمام، دەشڵێ «لەوێندەر وەک خاوەن پیشە پارچە زەوییەکی هەشتا مەترییم وەرگرت و کردم بە دوکان».

وەستا محەمەد کە خاوەنی سێ کوڕە، هیچیان کارەکەی ئەو ناکەن و دەڵێ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کاری کردووە، چەندین کەس لای ئەو شاگرد بوونە و فێری پیشەکە بوون و ئێستا خاوەنی دوکانی خۆیانن.

خۆشبەختانە وەستا محەمەد خاوەن تەندروستییەکی باشە و بە نیازە چەند ساڵێکی تریش لەسەر پیشەکەی بەردەوام بێت، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە پێشتر بەهۆی پیشەکەیەوە چەندین جار ژیانی کەوتووەتە مەترسییەوە، لەوانەش جارێکیان ئۆتۆمبێلی بەسەردا کەوت و نزیکەی مانگێک بە برینداری لەسەر جێگا خەوێندرا.

ئەو پیاوە کە تاکە کەس نییە لە هەولێر بەم تەمەنەوە کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل بکات، بەڵام هاوتەمەنەکانی لەو پیشەیە ژمارەیان کەمە، ئەو دەڵێت ئەگەر ژیان جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ دواوە، هەمان پیشە هەڵدەبژێرێتەوە، چونکە بە درێژایی تەمەنی چێژی لە کارکردنی ڕۆژانەی خۆی وەرگرتووە.



وێنەی وەستا محەمەد، لە بن قەڵات لە ساڵی ١٩٧٨

## دوای شەش هەزار ساڵ ئاوەدانی

# خێزانێک دەبنە میراتگری قەڵات

**ڕێبەند سەعدوڵا**

گ شوێن ناوەندی شارە، سەدان هەزار کەس بە دەوری قەڵاتێکی شێوە بازنەیی ٣٢ مەتر بەرز و ١٠٢ هەزار مەتر دووجای نیمچە چۆڵدا کۆ بوونەتەوە، جگە لە ئاڵایەکی گەورەی کوردستان کە لە ناوەڕاستی قەڵاکەدا بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە، تاکە یەک خانوو لە نزیک دەروازەی باشووردا کە قەبارەکەی ناگاتە ١٠٠ مەتری دووجا، لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٦ەوە لە بڕیاری چۆڵکردنی نزیکەی ٥٠٠ خانوو و تەلار و کەلاوەدا ڕیزپەڕ کراوە تا بە تەنها وەک پارێزەری گەواهی مێژووی شەش هەزار ساڵ ئاوەدانیی ئەو شوێنەوارە جیهانییە بمێنێتەوە، لەوێندەر ڕێبوار محەمەد و نازەنین قادر و چوار منداڵەکەیان دەژین.

"من کە هەموو یادگارییەکانی منداڵی و گەنجییم لەسەر قەڵات کۆ بووەتەوە، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک بێت بە تەنها و دوور لەو خەڵکەی پێیان ئاشنا بووم، لێرە بمێنمەوە"، ڕێبوار کە ساڵی ١٩٨٦ لەسەر قەڵات لەدایک بووە ئەوها قسەکانی بۆ (گڵکەند) دەست پێ دەکات، سەرەتای چیرۆکی ئەو و قەڵاتی هەولێر بۆ ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە، کاتێک دایک و باوکی و بنەماڵەکەیان لە گوندەکانی هەرمک و مێرگەسەری دۆڵی بالیسانەوە (٧٥ کم باکووری هەولێر) بۆ یەکەم جار ڕوویان لە هەولێر کرد و بەهۆی هەژارییەوە لە کەلاوەیەکی بەجێماوی ئەوسای قەڵاتدا بە کرێی مانگانەی ١٠ دینار گیرسانەوە.

ماوەی هەژدە ساڵە خێزانی ڕێبوار لە دوو ژووری بنمیچ نزم و بچوکی لاتەریکی قەڵاتدا دەژین، هەیوانێکی بچووک کە بەم دواییانە لە جام دروست کراوە، دوو ژوورەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ژوورێک بۆ میوان و خەوتن و دانیشتنی خێزانەکەیە، کە بە گوڵی سروشتی و گوڵی دەستکرد لەناو گوڵدانی شێوە کۆندا ڕازێندراوەتەوە، جگە لە تەسبیحێک کە بە گۆشەیەکی سەری ژووردا بە لای پەنجەرەوە هەڵواسراوە، چەند دانەیەک لە قورئانی پیرۆز و کتێبی ئایینیش لەگەڵ سێ چوار شووشە بۆن لە ژێریەوە لەناو جامخانەیەکی چوارگۆشەیی بە شێوەی ستوونیدا لە هەمان گۆشە داندراون، ژوورەکەی تریش ناندینە و کەلوپەل و پێداویستی ماڵەکەی لێ داندراوە.

### دابڕان لە کۆمەڵگە

"لەوەتەی بە بیرم دێت تا بووم بە٢٠ ساڵیش ژیانێکی سادە و خۆشم هەبوو، بۆ من قەڵات سێ گەڕەک و دەیان کۆڵان نەبوو، بەڵکو ماڵێکی گەورە بوو"، ڕێبوار ئەوها وێنای ئەو کاتی قەڵات دەکات کە تێکەڵاوییەکی زۆر لە نێوان خەڵکەکەیدا هەبووە و وەک خێزانێکی گەورە وا بوون.

بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ لە پڕ هەموو شتێک دەگۆڕێت، ئەو قەڵاتەی شوێنی یادگاریی هەزاران کەس بوو، بڕیاری چۆڵکردنی درا، لە نێوان ٨٤٠ خێزانی نیشتەجێی ئەو کاتدا، خێزانی ڕێبوار هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی لەو شارە دێرۆکیە تەمەن شەش هەزار ساڵیەدا بە تەنها بمێننەوە.

قەڵاتی هەولێر لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە وەک یەکێک لە قەڵا دانسقەکانی جیهان تا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە، بەم هۆیەوە ساڵی ٢٠١٤ یونسکۆ بە فەرمی وەک یەکێک لە دێرینترین قەڵاتە ئاوەدانەکانی لە میراتی جیهانیدا تۆمار کرد، بەڵام لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦وە بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە و هەڵکۆڵین، حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی دانیشتوانەکەی گواستەوە گەڕەکێکی نوێ، تەنها یەک خێزان بە شێوەیەکی کاتی لەوێ مایەوە، ئەمەش بۆ درێژەدان بەو تایبەتمەندییەی قەڵات کە بێ پچڕان مرۆڤی تێدا ژیاوە.

بەڵام ئەم دۆخە کاتیە تا ئەمڕۆ درێژ بووەتەوە کە نزیکەی ١٨ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، ئەمەش بووەتە هۆی ڕاهاتنی خێزانێکی ئەو شارە بە ژیانی دوور لە کۆمەڵگە و ئاوەدانی وەک ڕێبوار باسی دەکات، ئاماژەش بەوە دەدات کە ڕەنگە جارێکی تر سەخت بێت بۆ ئەوان لە ژیان لەناو کۆمەڵگە و خەڵکدا ڕابێنەوە، بەتایبەتی کە ئەو وا هەست دەکات لە ماوەی ئەم ١٨ ساڵەی ڕابردوودا ژیانی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزتر و پڕ کێشەتر بووە وەک لە جاران، بەڵام ئەوان لەسەر قەڵاتی هەولێر دوورن لە هەموو ئەو کێشانەی کە ئەگەری هەیە لەناو کۆمەڵگەدا وەک هەر خێزانێکی ئاسایی ڕووبەڕووی ببنەوە.



### وژەی با و تەقەی دەرگا

ڕووەکەی تری چیرۆکی خێزانە تەنهاکە، لەلای نازەنین قادرە، کە لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا هاوسەرگیریی لەگەڵ ڕێبوار محەمەد کردووە و بۆ قەڵاتی چۆڵکراو گوازراوەتەوە، سەرەتا هەستێکی سەیری هەبووە کە ژیانە نوێیەکەی دوور لە کەسوکار و خەڵک دەست پێ کردووە، بە تایبەتی کە پێشتر لە شارۆچکەی بەحرکە (١٦ کم باکووری هەولێر) لەناو خێزانێکی قەرەباڵغدا ژیاوە. لەوەش زیاتر نازەنین باسی شەوانی تاریکی زستان و پایز دەکات، کاتێ لەگەڵ وژەی بادا، دەرگا و پەنجەرە شکاوەکانی کەلاوەکانی قەڵاتی بەجێهێڵدراو بەریەک دەکەوتن و ترسیان لە دڵیدا دروست دەکرد، نازەنین دەڵێ "شەوی وا هەبوو وژەی با دەتگوت گورگە دەلوورێنێ"، باسی ئەوەش دەکات کە زانیبووی جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری گۆڕستان لەسەر قەڵات هەن، لەناو زۆربەی خانووەکانیشدا گۆڕ هەن.

ئاستەنگەکانی بەردەم نازەنین هەر ئەوەندە نەبووە، بەهۆی ئەوەی قەڵات تازە چۆڵ کرابوو، زیندەوەری زۆری وەک دووپشک و مار و مشک بەناو گەڕەکەکاندا بڵاو بووبوونەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو تا نازەنین بەو دۆخە ڕاهات و دەڵێ "ناچار خۆم فێر کرد مار و دووپشک بکوژم تا ماڵەکەمان بپارێزم".

### لەدایکبوونی کوڕێکی پیاوانە و کێشەی نوێ

ڕێبوار و نازەنین لە ٢٠٠٨دا نۆبەرەیان هاتە دنیاوە، ناویان نا ڕێدار، تارمایی تەنهایی ماڵەکەی ڕەواندەوە و بووە هۆی سەرقاڵی زیاتری ژن و مێردە تاقانەکە، هێندەی پێ نەچوو نەبوونی خەڵک و نەخۆشخانە و بازاڕ و قوتابخانە لە قەڵاتدا بۆ منداڵە تاقانەکە بوو بە کێشەیەکی نوێ، تا ناچار بن لەگەڵیدا ڕابێن و هەوڵی تێپەڕاندنی بدەن. لە دوای ڕێدار، هەناریش لەدایک بوو، ئێستا تەمەنی ١٤ ساڵە، ئینجا ڕەهێڵ ساڵی ٢٠١٤ بە ئیفلیجی لەدایک بوو، پاشەبەرەشیان کچێکی تەمەن ١٠ ساڵە بە ناوی هەناسە. ئەو چوار منداڵە نە هاوڕێی کۆڵان و نە ماڵە دراوسێیان هەیە، کاتێک لە قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر دەگەڕێنەوە، بە تەنها لە ماڵ دەمێننەوە، بەتایبەتی کە بەردەوام پرۆژەی نۆژەنکردنەوە لەسەر قەڵات هەن، ناتوانن وەک منداڵانی شار بچنە دەرەوە و یاری بکەن، بەڵام ڕێبوار محەمەد لەمەشدا لایەنی ئەرێنی دەبینێ و دەڵێ لە سەرئێشەی شەڕی کۆڵان و کێشەی منداڵان بەدوورن. ئەوەش ناشارێتەوە کە ڕێدار تا تەمەنی شەش ساڵی وەکو پیاو هەڵسوکەوتی دەکرد نەک منداڵ، چونکە لەناو منداڵی هاوتەمەنی خۆیدا نەژیابوو و لە هەموو شتێکدا لاسایی باوکی دەکردەوە، بەداخیشە لەوەی منداڵەکانی ژیانێکی منداڵانەیان نەبووە، تا ئەو کاتەی چوونەتە قوتابخانە و لەوێ فێر بوون وەکو هاوتەمەنەکانی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن.

ساڵی ٢٠٠٦ تیمێک لە زانکۆی بۆهیمیای ڕۆژئاوای چیک بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، هەڵسەنگاندنیان بۆ قەڵاتی هەولێر ئەنجام دا، پێوانەی جیۆدیزیای قەڵاکە گیرا لەگەڵ وێنەی مانگی دەستکرد، حەفت چینیان لە ژێر زەویی قەڵاتەکە دیار کرد کە هەر چینێک ئاماژەیە بۆ سەردەمێکی جیاوازی مێژووی شارەکە. ساڵی ٢٠١٠ کۆمسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر (HCECR) و دەستەی عێراق بۆ شوێنەوارە دێرین و کەلەپوورییەکان (SBAH) قەڵای هەولێریان وەک یەکێک لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان و عێراق کاندید کرد تا وەک شوێنەوارێکی میراتی جیهانی لە یونیسکۆ تۆمار بکرێ، لەمبارەیەوە دوو ڕێککەوتن لە نێوان کۆمیسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر و یونیسکۆ ئیمزا کران، پارێزگای هەولێر بڕی ١٣ ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵات دابین کرد و کارەکانی نۆژەنکردنەوە لە هەمان ساڵدا دەستی پێ کرد، تا لە ٢٠١٤دا لە لیستی میراتی جیهانیی یونیسکۆ تۆمار کرا.

قەڵاتی هەولێر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سێ مزگەوت و کڵێسایەک و دوو قوتابخانە و دوو تەکیە و حەمامێکی تێدا بوو، قەڵاکە بەسەر سێ گەڕەکی فراواندا دابەش بووە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، بریتیین لە سەرا، تەکیە و تۆپخانە. سەرا شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانە فەرمانڕەواو و خەنەدانەکان بووە، گەڕەکی تەکییەش شوێنی نیشتەجێبوونی دەروێش و موریدەکانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بووە، لە تۆپخانەش خەڵکی ئاسایی و پیشەوەر و جوتیار نیشتەجێ بوون.



وێنەکان: محەممەد دەرگەڵەیی



# کیژە کۆییەك ناوبانگێکی جیهانی پەیدا دەکات

لوونا، کیژە گۆرانیبێژێکی کوردە و ناوی رەسەنی خۆی مەیلان غەفوورییە و لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٢ لە هایدلبێرگ لەدایک بووە. باوک و دایکی وەک هەزاران خێزانی تری کوردستان ساڵی ١٩٩٥ لەتاو دۆخی مەترسیداری عێراق رێگەی کۆچکردنیان گرتە بەر و لە ئەڵمانیا گیرسانەوە، بەو کارەیشیان کەشێکی پەروەردەیی لەبار و زیندووی ناو دنیایەکی فرە کولتووریان بۆ لوونا فەراهەم کرد تا پەرە بە بەهرەکانی بدات و کردی بە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ لەسەر ئاستی جیهان.

گڵکەند

چەند ساڵێکە کیژە کۆییەک لە ئەڵمانیا وەک ناسراوترین هونەرمەندی دەنگبێژ ناوبانگی پەیدا کردووە و گۆرانی بۆ کوردستان و ئافرەت و خۆشەویستی دەڵێت.

مەیلان غەفووری کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە لوونا ناسراوە. وەک کچە هونەرمەندێکی هەڵکەوتوو بە دەنگە جیاوازەکەی و دەرکەوتنە سەرنجڕاکێشەکەی لەسەر ستەیج و رۆحە قووڵە کوردانەکەی لەڕێی میوزیکەوە رێگەی بەرەو درەوشانەوە گرتە بەر. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا گرێبەستێکی مزگێنیبەخشی لەگەڵ کۆمپانیای Warner Music Central Europe ئیمزا کرد، کە رەوتی پیشەییانەی بەرەو رێڕەوێکی نائاسایی برد.

پەیوەستبوونی لوونا بە گرووپی وارنەر میوزیکەوە پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ هەڵکشانە خێراکەی و پێگەیەکی وا باڵای پێ بەخشی کە ئەوی گەیاندە ئاستی ئەستێرە بەناوبانگە جیهانییەکانی وەک بەرنۆ مارس، ئێد شیران و دەیڤید گویتا.

## ئەستێرەیەکی سنووربڕ

لوونا سەرەڕای تەمەنی بچووکی، بەخێرایی رێگەی بەرەو لوتکەی نەوەی گەنجی هیپ-هۆپ و پۆپی ئەڵمانی گرتەبەر. لەنێو میوزیکەکەیدا گیانی وەبەر ناسنامە کولتوورییەکەیدا کردووە، کۆنسێرتەکانی لە سەرتاسەری ئەڵمانیادا دەفرۆشێت و لەکاتی پێشکەشکردنیاندا بەشانازییەوە ئاڵای کوردستان بەرز دەکاتەوە، بەوەیش دەریدەخات چ پەیوەندییەکی قووڵ و بەهێز بە بنەچە نەتەوەییەکەیەوە دەبەستێتەوە.

لوونا لەپاڵ توانا هونەرییەکەیدا توانایەکی تایبەتی لە زمانزانیشدا هەیە و دەتوانێت بەئاسانی بەهەردوو زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی گۆرانی بچڕێت، کە ئەم فرە زمانییە وای کردووە ناوبانگی سنوورەکان ببڕێت و سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا رابکێشێت. هاوکاریکردنی لەگەڵ هونەرمەندانی جیهانی وەک دەیڤید گویتا و نێجیش وای کردووە جێپەنجەی دیارتر بێت و زەمینە بۆ پێشکەشکردنی گۆرانیی «Family» لە ٢٠٢١ و گۆرانیی «Nour El Ain» لە ٢٠٢٢ خۆش بکات.

لوونا ساڵی ٢٠٢٣ گۆرانییەکی تری نایابی بەناونیشانی «Steht auf 2023» پێشکەش کرد، کە پەیامێک بوو بەدەنگە زوڵاڵەکەی بانگەوازی بۆ مرۆڤایەتی و دادپەروەری کرد. لوونا بەپۆشینی جلوبەرگی رەسەنی کوردیش دەریدەخات ئەو هێشتا بەتوندی بە رەگ و ریشە و رەچەڵەکی خۆیەوە پابەندە و بەبەردەوامی میوزیکەکەی ئاوێتەی ناسنامە کولتوورییەکەی دەکات.

## باڵیۆزی نەتەوە و مرۆڤایەتی

گۆرانیی «Steht auf 2023» تەنها هەر گۆرانییەک نەبوو، بەڵکو هێما بوو بۆ پابەندیی نەلەخشاوی لوونا بە مافەکانی ئافرەت و بەگژاچوونەوەی نادادپەروەری، بەتایبەت لە ئێران. گۆرانییەکە ستایشی ژینا ئەمینی دەکات، ئەو کچە کوردەی پاش سێ رۆژ لە دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی ئێرانەوە گیانی لەدەست دا؛ لەڕێی چیرۆکی خەمناکی ژینا ئەمینییەوە هۆشداری دەدات لە دۆخی ئافرەتان لە سەرتاسەری جیهاندا.

لوونا کچی نەوەی شۆڕشگێڕێکی کوردە و بەهرە میوزیکییەکەی بۆ بەدەستهێنانی رێز و دانپێدانانی جیهان بە کوردستاندا بەکار دێنێت. ئەو ئەگەرچی لە کوردستان چاوی بەدنیا هەڵنەهێناوە و لەوێ گەورە نەبووە، بەڵام خێزانەکەی بەشێوەیەک رامیان هێناوە لەدڵەوە بەقووڵی بنەچە و نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆش بوێت و هونەرەکەی بۆ خزمەتکردنیان بەکار بێنێت و ببێتە باڵیۆزی گەلەکەی لە دەرەوە.

گۆرانییە نایابەکەی بەناونیشانی «Alles Verdient» کە کلیپەکەی ساڵی ٢٠٢١ لە شاری هەولێر وێنە گیراوە، بەسەرهاتی باوک و دایکی دەگێڕێتەوە، کە لە ستەمی رژێمی سەدام هەڵاتوون و ژیانێکی نوێیان لە ئەڵمانیا درووست کردوە، ئەو کارەیش هەر رێزنان نییە لە رابردووی خێزانەکەی بەتەنها، بەڵکو نیشانەی پەیوەندیی بەردەوامی لوونایشە بە کوردستانەوە.

میوزیکەکەی لوونا تەنها کرۆکی ناسنامەکەی نییە، بەڵکو پیشاندانی رێز و خۆشەویستیشە بۆ گەل و نەتەوەکەی، کە دەیەوێت لەڕێی گۆرانییەکانیەوە دەوڵەمەندی و هەمەڕەنگیی کولتووری کوردی، کە زۆر جار خەڵکانیتر بەهەڵە لێی تێگەیشتوون، پیشانی دنیا بدات. هەربۆیە هەوڵ دەدات پردێک لەنێوان نیشتمانە رەسەنەکەی خۆی و باقیی جیهان درووست بکات، تا دان بە مێژوو و بەشدارییەکانی گەلی کورددا بنرێت.

لوونا بە دەنگە سازگار و زوڵاڵەکەی و میوزیکە رەسەنەکەی و پەیامە مرۆڤانەکەی و ئەمەکداری بۆ گەل و نەتەوەکەی و دۆزە رەواکەی؛ دەریدەخات ئایندەیەکی گەشتر چاوەڕوانی ئەو کیژە کوردە کۆییە دەکات.

## خاوەن خێراترین بردنەوەیە

# مشتەکۆڵە، ماکوان لە کەمپەوە دەگەیەنێتە UFC

گڵکەند

پێشتر چەند جارێک لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانی فینلاند بینیبووم، هەستم بە شانازی دەکرد کاتێک دوای سەرکەوتنەکانی ئاڵای کوردستانی بەرز دەکردەوە، تا دواجار ماکوان ئەمیرخانییم لە هۆڵی راهێنانەکانیدا لە شاری تورکوی باشووری رۆژئاوای فینلاند بەسەر کردەوە، پیاوێکی قۆز، ڕووخۆش و هێمن، کە جگە لە گوێچکەیەکی شکاو، هیچ شتێک لە رووخسار و هەڵسوکەوتیدا لە یاریزانی جەنگی ناکەن، بەدەم پێچانەوەی دەستی بە قوماشێکی درێژی سپی، کە شوێنەواری ماوەیەکی درێژ بەکارهێنانی بەسەرەوە دیارە، دەڵێ ئەمەی من دەیکەم راحەتترین کارە لەم دنیایەدا، تەنها پێویستم بەوەیە پێشتر خۆم ئامادە کردبێت.ماکوان ئەمیرخانی یاریزانی جەنگیی تێکەڵاو mixed martial artist) MMA)، تاکە یاریزانی کوردە لەم بوارەدا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە پاڵەوانییەتی جەنگیی UFCدا یاری کردووە و خاوەنی خێراترین بردنەوەیە لە کێشی ٦٦ کگم کە توانی بە ٨ چرکە یاریزانێکی ئینگلیز ببەزێنێت، لەگەڵ یاریزانانی ناوداری وەکو جۆنی واڵکەر و کۆنۆر مەگرێگەر راهێنانی کردووە، ئێستاش لە تەمەنی ٣٥ساڵیدا بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکی نوێی MMA لە پراگی پایتەختی چیک خۆی ئامادە دەکات.

ئەمیرخانی بە سوپاسگوزارییەوە باسی هەوڵ و تێکۆشانەکانی (زەرێ)ی دایکی دەکات کە چۆن دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤دا باوکی بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا، بەتەنها ئەرکی خێزانەکەی کەوتە سەر شان و لەبارەی پشتیوانیکردنی بۆ یارییەکەیشی، بۆ ماوەی ١٠ ساڵ هەموو ڕۆژێک بەو سەرما و بەستەڵەکی زستانەی فینلاند، دایکی بە پێ بردوویەتی بۆ هۆڵی راهێنانی یاریی جەنگی.

وەکو قەدەری هەر بنەماڵەیەکی کورد، ئاوارەبوون و پەنابەری بەشێکی دیاری ژیانی ماکوان و خێزانەکەی پێک دێنێت، دایک و باوکی ماکوان لە ساڵی ١٩٨٨دا بەهۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە، لە شاری کرماشانی زێدی خۆیان ئاوارە دەبن و دەکەونە دیوی عێراقەوە، تا لەوێشەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچووەوە بەزۆرەملێ ببرێنە خێوەتگەی ئەڵتاش لە نزیک شاری رومادی و چەندین ساڵی تەمەنیان لەو بیابانەدا بەسەر دەبەن. ماکوان لەم ساڵەدا لە خێوەتگەی ئەڵتاش لەدایک بووە و بووەتە چوارەم منداڵی بنەماڵەکەیان، تا تەمەنی پێنج ساڵی لەوێ ماونەتەوە و دەڵێ لەو ماوەیەی تەمەنەمدا تەنها تەپوتۆز و زەردەی هەتاو و حەوشی خانووە قوڕینەکەیانی لەیاد ماوە.

دوای ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا ساڵی ١٩٩٣ وەکو پەنابەر ڕوویان لە فینلاند کرد و لە باکووری ئەو وڵاتە گیرسانەوە، کە ناوچەیەکە پێشتر پەنابەری لێ نەبووە، ماکوان دەڵێ ئەو کاتە من و خوشک و براکانم تەنها منداڵی بیانی بووین لە قوتابخانەکەماندا، منداڵە فینلەندییەکان بە سەرسڕمانەوە گوێیان لە زمانی کوردییمان دەگرت و پێیان سەیر بوو کە قژمان ڕەشە، وایان دەزانی لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووین، زۆر هەراسانیان دەکردین.

چەند مانگێکی کەم دوای گەیشتنیان بە فینلاند، برا گەورەکەی ماکوان بە ناوی ئیرەج دەست بە یاریی جەنگی دەکات و ماکوانیش لەگەڵ خۆیدا دەبات، ماکوان لەمبارەوە دەڵێ من زۆر لەڕ و لاواز و بچکۆڵە بووم، کەس باوەڕی نەدەکرد بتوانم یارییەکە بکەم، خۆیشم بەردەوام هەوڵم دەدا خۆم بدزمەوە و حەزم دەکرد بە تەنها بم، دواتر کە ناچار بووم بەردەوام بم لە یارییەکە، هەوڵم دا لە ڕووی تەکنیکەوە خۆم بەهێز بکەم، وای لێ هات دوای چەند ساڵێک سەرەڕای ئەوەی منداڵتر و لاوازیش بووم، دەمتوانی منداڵی لە خۆم بەتەمەنتر و بەهێزتریش بدەم بە زەویدا، لەو کاتەدا حەزی کۆکردنەوەی میدالیای بردنەوەی یارییەکانم لەلا پەیدا بوو، ئیتر هیوای هەموو ژیانم بوو بە هەوڵدان بۆ بردنەوەی یاری و کۆکردنەوەی میدالیای زیاتر.


ماکوان کە لە وڵاتێکی بیانییدا وەکو کوڕە کوردێکی بێکەس، خۆی گەیاندووەتە لوتکە و دوای ئەوەی بووەتە پاڵەوانی فینلاند، گەیشتووەتە «cage» قەفەسە ناودارەکانی UFC لە وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، سوید، چیک، رووسیا و چیچانیا، حەفت بردنەوە و حەفت دۆڕانی لە یارییەکانی UFCدا لەبەردەم دەیان هەزار جەماوەر لە دژی یاریزانانی جیهانیدا تۆمار کردووە. دەڵێ بەر لە تەمەنی ٢٥ ساڵی، نە هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی کحولی خواردووەتەوە و نە هیچ جارێکیش چووەتە یانەی شەوانە و دیسکۆکان، پێی وایە ئەگەر مرۆڤ هەر ئیشێک بکات، دەبێ بە تەواوی ڕێز لە ئیشەکەی خۆی بگرێ، تا بتوانێ بیگەیەنێتە خاڵی کۆتایی و بگاتە ئامانج.

ئەو یاریزانە کوردە کە تا ئێستا تەواوی تەمەنی لە ئاوارەیی و پەنابەرییدا بەسەر بردووە، بە پێکەنینەوە بەسەرهاتێکی تەمەنی هەرزەکاریی خۆی لەگەڵ ڕەگەزپەرستەکانی فینلاند دەگێڕێتەوە کە جارێکیان لە دوکانێک جلوبەرگێکی ڕەشیان بینیوە داشکانی گەورەی لەسەر بووە، لەبەر هەرزانییەکەی کڕیویانە، دواتر کە جلوبەرگەکانیان بۆ دەرەوە پۆشیوە، پێیان گوتراوە ئەوە جلوبەرگی رەگەزپەرستەکانە و فینلەندییە دژە پەنابەرەکان دەیپۆشن.

ماکوان دەڵێ یەکەم پەنابەر بووە لە فینلاند لەلایەن سەرۆک ساوڵی نینیستۆ پێشوازی لێ کراوە و قاوەیان پێکەوە خواردووەتەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ، خۆشحاڵیی ڕاستەقینە بۆ ئەو ئەوەیە کە چاوی بە سەرۆکی کوردستان کەوتبا. ئەو یاریزانە کوڕە کە ڕۆژێکیش لە ژیانیدا پێی نەناوەتە خاکی کوردستان، دەڵێ من دەتوانم سەت ساڵ لە فینلاند بژیم، بەڵام من هەر وەک کورد دەمێنمەوە، لەبیرمە کە تەمەنم دەوروبەری ٢٠ ساڵ بوو، زۆرتر بیرم دەکردەوە کە من فینلەندییم، چونکە لێرە گەورە بووم، بەڵام کاتێک بینیم کوردستان کەوتە ژێر هەڕەشەی شەڕی داعش، یەکسەر هەستم گۆڕا و بیرم دەکردەوە کە چۆن بتوانم کۆمەکی خەڵکی خۆمان بکەم لە کوردستان، ئیتر بیرم کردەوە باشترین شت ئەوەیە ئاڵای کوردستان لە کاتی بردنەوەی یارییەکاندا بەرز بکەمەوە.


ئێستا ماکوان باوکی کوڕێکە بە ناوی ڕۆبن، کە تەمەنی ساڵ و نیوێکە، دەڵێ کە ئێستا خۆی گەورە بووە، حاڵی بووە کە زمانی کوردی چەند گرنگە، بۆیە ئێستا هەوڵ دەدات لە پاڵ زمانی فینلەندی، منداڵەکەی فێری زمانی کوردییش بکات.

پلانی ماکوان ئەوەیە کە تا پێنج ساڵی تر بەردەوام بێت لە یاریکردن وەک یاریزانی جەنگی، دوای ئەوە خۆی بۆ ڕاهێنانی منداڵان تەرخان دەکات، ئەمەش کارێکە ماوەیەک دەستی پێ کردووە و ئێستا خاوەنی باشگایەکی وەرزشیە لە شاری تورکو بە ناوی ماکوان ئەمیرخانی و زۆربەی یاریزانەکانی کورد و ئەفغانیین، لەمبارەوە دەڵێ فینلەندییەکان دڵیان نایەت منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئێرە و قبووڵی ناکەن کە من وەکو راهێنەر بە توندی لەگەڵیان بجوڵێمەوە و بە شێوەی پێویست یارییەکەیان فێر بکەم، دەشڵێ خەونی ئەوەیە بچێتە هەرێمی کوردستان و باشگای وەرزشی لەوێ بکاتەوە، تا بە جۆرێک خشتەی یاری و راهێنانەکان دابنێ، کە بتوانێ دوای چەند ساڵێک چەندین یاریزانی کوردی گەنج بگەیەنێتە قەفەسەکانی UFC لە جیهاندا.







خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com

Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (2), Tuesday 15/10/2024

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

